# رسول بەختیار

نۆڤلێت

# شەقامە بازنەییەکان

هەولێر

2022

- ناوی کتێب: نۆڤلێتی شەقامە بازنەییەکان
- ناوی نووسەر: رسول بەختیار
- هەڵەچنی: عەبدوڵڵا رەحمان
- دیزاین: عیماد حەسەن
- چاپی یەکەم 2022
- چاپخانە:
- تیراژ:
- ژمارەی سپاردن:

## (١)

خۆم لەم چیرۆکە نادزمەوە، بەڵام دەکرێ لەپێشەکیدا باس لەو شوێنە بکەم، کە دەمەوێ پێی ئاشنا بن، ئەم شارەی تێیدا دەژیم، جیا لەهەموو شارەکانی دیکەی جیهان، شەقامەکانی بازنەییە، هەر کەسێک لەگوندێک و شارێکی ئەم وڵاتە، یان لەوڵاتێکی دیکەوە هاتبێ، ئەگەر یەکێکی ئەم شارەی لەگەڵدا نەبێ، تەنیا لەبازنەیەکدا دەسوڕێتەوە و لەو شوێنەی هەنگاوی ناوە، دەگەڕێتەوە هەمان شوێن، کە ئەمەش یەکێک لەسوودەکانی ئەم شەقامانەیە، هەروەها بەهیچ شێوەیەک تێیدا ون نابی، تەنیا خولانەوە و ماندووبوونت زیاتر دەبێ.

هەر یەکێکی بیانی پێ بنێتە سەر ئەم شەقامە بازنەییانە، زوو وەڕس دەبێ، دەبینێ خەڵک گرنگی بەهیچ نادەن، وەک ئەوەی تەنیا لەبازنەیەکدا دەخولێنەوە، سەرەتا رقی لەخەڵکەکەی دەبێتەوە، کەچی کاتێک یەکێک دەدوێنێ، هەست بەوە دەکات،

لەبڕیاردانی رقلێبوونەوە هەڵەبووە، بۆیە دەیەوێ لایەنە شاراوەکان بدۆزێتەوە، کاتێک لەو شتانە دەکۆڵێتەوە، دەبینێ بۆتە یەکێک لەخەڵکی ئەم شارە، زۆرجاریش هەیە، لەشارەکانی دیکە باس لەو شارە دەکرێ، ئەو وەک خەڵکی دێرینی وەڵام دەداتەوە، یەکێک لەخەسڵەتەکانی شەقامە بازنەییەکان ئەوەیە، زوو زوو ئاشنایەتیت لەگەڵ خەڵکی دیکە دەبێت، عەرەبەکانی ناوەڕاست وباشووری عێراق، لەپاش راکردنیان بۆ ئەم شارە، واقیان وڕما کاتێک لەو شەقامە بازنەییانە دەسوڕانەوە،

ئەگەر کوڕێک بەدوای کچێکەوە بێ، تەنیا لەشەقامە بازنەییەکانی هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسێ، ئەو کچەی بەتامەزرۆوە بیبینێ، بۆیە لەیەکێک لەشەقامە بازنەییەکان ئەوڕۆش نەبێ، بۆ رۆژێکی دیکە رێککەوتێک دێ، ئەگەر لەنزیکەوەش نەبێ، ئەوا لەدوورەوە هەر ئەو کچە دەبینێ.

وەنەبێ ئەم شارە تەنیا لەبازنەیەکدا بێت، نەخێر ئەم شارە سەدان شەقامی بازنەیی لاوەکی و دەیان شەقامی بازنەیی گشتی و مەزنی تیادایە، هەر گەڕەکێکی نێو هەر شەقامێکی بازنەیی لاوەکی، هێندەی شارۆچکەیەکە و شەقامە بازنە مەزنەکانیشی بەقەد شارێکی گەورەیە.

جــوانی شـــارەکە، بەشـــەقامە بازنەییەکـــانییەتی، هەمـوو پاڵەوانـانی نێـو ئەو شـەقامانە ڕۆڵیـان هەبـووە، لەپێشخســتنی هــونەر و ڕۆشــنبیری وڵات، بەڵام هەر یەک لەوانە زۆر بەدەگـــــمەن باســــێکی کـــــورتی پاڵەوانییەتییەکەیـان دەکــەن، بــەڵکــو هەردەم دەیەوێ خەڵـک بـابەت و هــونەر و ئـازایەتییەکەی بـاس بکـات، وەک زۆرێـک لەخەڵکـی شـارەکانی دیـکە نـین، مێشـێک بکەنە گامێشێک.

ئێســتا ئەو شــەقامە بازنەییــانە بــۆتە ســەنتەری بازرگـانی، هەرچـی هینـدی و بەنگلادیشـی و نیپـالی و چینــی، هۆڵەنــدی و ئەورووپــی بەگشــتی لەنێــو ئەو شـــەقامە بازنەییـــانە بەرژەوەنـــدییان هەیە، ئەوە جـگە لەعەرەبـی و عێراقـی و ســووری و لوبنـانی، خۆیـان بەخەڵکی نێـو ئەو شـەقامە بازنەییـانە دەزانـن، زۆرجـار کاتێک لەیەکێک لەچایخانەکان دادەنیشی، هەست دەکەی خەڵکـی ڕەسـەنی نیـو شـەقامە بازنەییەکـان بەدەگمەن دەبیندرێن،

ئەوەی خراپە زۆرێک لەو بیانیانە کاتێک هەڵەیەک دەکەن و دەبێـــــتە بنێشـــــتە خۆشـــــەی تـــــۆڕە کۆمەڵایەتییەکـــان، ئـــەوا خەڵـــک بەگشـــتی هەمـــوو تۆمەتەکـان دەخەنە پـاڵ خەڵکـی ڕەسـەنی نێـو شـەقامە بازنەییەکان.

راستە چیرۆکەکەمان پەیوەندی بەشەقامە بازنەییەکانە، کەچی هەر پاڵەوانێکی ئەو نێوەندە، ئەگەر لەدوورترین شوێنی جیهان بێ، هەمیشە لەنێو شەوانی سوور بێ، یان یەکێک لەدەوڵەمەندەکانی شەقامە راستەکان بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کات بیریان لەلای یەکێک لەشەقامە بازنەییە لاوەکییەکانە. ئاکاری کوڕی دەرمانسازەکەی سەنتەری شار، زۆرجار لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بەوردی دەگەڕێ، تا یەکێک بدۆزێتەوە، خەڵکی ئەو شەقامە بازنەییانە بێ، پێی سەیر بوو لەنێو چەند وێنەیەک هاوڕێیەکی قۆناغی سەرەتایی دۆزییەوە، یەکسەر بێ سێ و دوو تەلەفۆنی بۆ خاوەن وێنەکە کرد، کە لەفەیسبووک هاوڕێییەتی، دوای گفتوگۆیەکی زۆر ژمارەی هاوڕێیەکەی پێدا، ئەویش لەوڵاتێک دەژیا سەرجەم شەقامەکان راستن و هیچ خوار و خێچییەکی تیادا نابیندرێ، یەکسەر تەلەفۆنی کرد، بەڵام وەڵام نەبوو، دووبارەی کردەوە، چەند جارێکی دیکە دووبارەی کردەوە، بەڵام هەر وەڵام نەبوو، لەکۆتایدا بێ ئومێد بوو، چەند کاتژمێرێکی پێچوو، زەنگی تەلەفۆنەکەی لێیدا، کاتێک وەڵامی دایەوە، ئافرەتێک بەزمانێکی بیانی گوتی: تەلەفۆنت کردبوو.

ئاکــار:بەڵــێ، ئەمە ژمــارەی هــاوڕێیەکمە بەنــاوی دانەر؟ ئەو خەڵکی نێو شەقامە بازنەییەکانە؟

ئافرەتە بیانییەکە: بەڵێ، ژمارەی دانەرە، بەڵام ئەو لەکارهــاتۆتەوە و زۆر مانــدووە و خەوی لێکەوتــووە، بــۆیەش وەڵامــم دایەوە، چــونکە چەنــدینجار تەلەفۆنــت کردووە.

ئاکار: باشــە کاتێک لەخەو هەڵسا پێیڕابگەیەنە، کە ئاکاری هاوڕێی قۆناغی سەرەتایی تامەزرۆیە لەگەڵت بدوێ.

ئاکار زۆر تامەزرۆ بوو، قسە لەگەڵ دانەر بکات، بڕیاریدا ئەگەر شەویش دابێ، نەخەوێ تا ئەو کاتەی دانەر تەلەفــۆن دەکــاتەوە، هەرچۆنێــک بــێ خــۆی سەرقاڵکرد بەکاری نووسینگە و وێنەیادگارییەکانی ئەو وڵاتەی تێیدا نیشەجێیە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک سۆزی پــێ نەدەبەخشــی، هــیچ یادگــارییەکی قــووڵی لەگەڵــدا نەبــوو، دوای چەنــد کــاتژمێرێکی دیــکە، زەنگــی تەلەفۆنەکەی ئاکار لێیدایەوە، یەکسەر وەڵامی دایەوە: هەلەو دانەر چۆنی.

دانەر: تۆ کێی؟

ئاکار: من ئاکارم، لەسەرەتایی پێکەوە دەمانخوێند.

دانەر: نــازانم بیــرم نەمــاوە، بەڵام بەڕێــز دەکــرێ هەندێک وەسفی خۆت و شەقامە بازنەییەکان بکەیت،

لەبیرم نەماوە، ئەوکاتەی چوومە هەندەران، تەمەنم بیست سالأن بوو، من ئێستا تەمەنم شەست ساڵە، چل ساڵە من لەئاوارەیی و پەناهەندەیی دام.

ئاكار ئاخێکی هەڵکێشا:راست دەکەی، من ئەو هاوڕێیەتم لەدوای قوتابخانە شەڕە بەردمان لەگەڵ منداڵانی گەڕەکی نێو شەقامێکی بازنەیی دیکەدا دەکرد، چەند جارێک سەری هەردووکمان شکاوە.

دانەر بێدەنگ بوو، وەک ئەوەی هاتبێتەوە سەردەمی منداڵی، ئاكار تەنیا گوێی لەپرمەی گریان بوو، بۆیە ئەویش دەستی بەگریان کرد، وەک ئەوەی لەزینداندا یەکتریان دۆزیبێتەوە و باوەش بەیەکتردا بکەن.

دوای هێوربوونەوە، ئەوجارەیان ورد و درشتی هەموو شتێکی سەردەمی نێو شەقامە بازنەییەکانیان باسکرد.

زۆرێک لەوانەی خەڵکی شەقامە بازنەییەکانن وەک زۆرێک لەخەڵکی شەقامە راستەکان کەوتوونەتە شوێنە لابەلایەکانی دونیا، شڤان یەکێکە لەوانەی وەک بازرگانێک دەچێتە زۆرێک لەوڵاتان، ئەو رۆژە لەدانیشتنێکدا گوتی: لەیەکێک لە فرۆکەخانەکان کاتێک دابەزیم، لەهۆڵی پێشوازی پۆلیسێک داوای پاسەپۆرتی لێکردم، کاتێک بینی خەڵکی یەکێک لەگەڕەکەکانی

شــەقامە بازنەییەکـانم، فرمێســک لەچـاوانی هـاتەخوار، واقـم ورمـا، پۆلیسـەکە بەدەنگێکـی نووسـاوەوە گـوتی: داوات لێدەکەم، ئەمڕۆ ئێوارە، کاتێک دەوامم تەواو بوو، بێـی بـۆ مـاڵی ئـێمە، چـونکە هاوسـەرەکەشـم وەکخـۆم خەڵکی گەڕەکەکانی نێو شـەقامە بازنەییەکانە، رۆژ نییە، لەیادی شـەقامە بازنەییەکان، چاوانی پڕ فرمێسک نەبێ.

## (2)

هەرچەنـــد دەتەوێ لەشـــەقامە بازنەییەکـــان دوور بکەویتەوە و نەبێتە بەشـێک لـە ژیانت، کەچـی مێشـک و دڵت دەیەوێ بۆ ئەو شـەقامانە بگەڕێتەوە، سیاح تەمەنـی لەســـەرووی شەســـت ســـاڵییە، لـــەکاتی هـــەرزەکاری و گەنجەتیدا چەند جارێک ویستی خۆی دوور بخاتەوە، چەنـــدین کێشـــەی نـــایەوە، تـــا وایلێهـــات کەســـوکاری هاشـــایان لـــێ کـــرد و دووریـــان خســـتەوە و لەهەمـــوو شـــتێک بێبەشـــیان کـــرد، ئەویـــش بەهەلـــی زانـــی بـــۆ یەکجارەکی لەشەقامە بازنەییەکان دوور بکەوتەوە.

سـیاح: ڕۆیشـتم زۆر دوور ڕۆیشـتم، دوورتـرین شوێنی ئەم جیهانە بوو بەمەنزڵم، دەستم بەکار کرد و پارەیەکی باشـم کۆکردەوە، خـانوو و ئۆتـۆمبێلم کڕی، کـــارێکی باشـــم هەبـــوو، تـــا وایلێهـــات زنجیـــرەیەک ریســـتۆرانتم دامەزرانـــد، ســـەدان کەس لەلام کاریـــان دەکـرد، هـیچ کاتێـک ئەوانەشـم قبـووڵ نەدەکـرد، کـە خەڵکـی شـاری شـەقامە بازنەییەکـان بـێ، بـۆ ئـەوەی لەیەکێک لەریستۆرانتەکانم کـار بکـات، کاتێـک خێـزانم

پـێکەوە نـا، خێـزانەکەم یەکێـک لەو خاتوونـانە بـوو، لەدایکبووی شەقامە راستەکان بوو و ئۆلیڤای ناو بوو، کـە هەمـوو کـات دەیویسـت باسـی شـەقام و شـێوەی خـانوو و ژیـان و گـوزەرانی شـەقامە بازنەییەکـانی بـۆ بکەم.

ئۆلیڤیـا: دەبیـنم هەردەم وەک یەکێکـی بیـرت لەلای خۆت نەبێ، پێم بڵێ چیتە؟

سیاح:هیچ نییە، ماندووم، بۆ نـایەی چەنـد رۆژێکـی دیـکە بەیەکەوە پیاسـەیەکی سـەر زەریـای ئەتڵەسـی بکەین، لەوێدا بۆ ماوەی مانگێک لەمۆتێلێک دەمێنینەوە.

ئۆلیڤیـا: تـۆ هەردەم دەتەوێ دوور بکەویـتەوە، نەخێـر، مـن حەزم بەوەیە بـۆ پیاسـە و گەشـت بچیـنە یەکێـک لەو شـارە گەشـتیارییانەی لەسـەر دەریـای ناوەڕاستە.

سیاح: حەزی پێ ناکەم.

ئەو سـەرەڕایی هەمـوو ئەو شـتانە، هەردەم بیـر و هۆشـی لەلای شـەقامە بازنەییەکـان بـوو، بەڵام هەردەم وا نیشـان دەدا. خـۆی دوور دەخـاتەوە، کەچـی شـەو و رۆژ و لەکـاتی کارکردنـدا دڵ و هۆشـی لەلای شـەقامە بازنەییەکـان بـوو، زۆر جـار بیـری لەو رۆژگـارە دەکـردەوە، کە لەنێـو شـەقامە بازنەییەکانـدا بەسـەری بردبوو، تەنیا دیمەنێکی لەلا شیرین بوو، بەتایبەتی ئەو

شـەوانەی خەوی لـێ نەدەکەوت، هەمیشـە دڵـی خـۆی دەدایەوە، مـادام خەو نـاچێتە چـاوم، ئیـدی ئەمە هەلـێکە هەموو ئەستێرەکان بژمێرم و سـەیری مانگ بکەم کـە چـۆن دوای مـاوەیەک لەشـوێنی خـۆی نـامێنێ، ئەگەر کەمێکیش جـوولا بـێ، ئەوا روونـاکییەکەی بەرەو کـزی دەڕۆیشـت، کـاتژمێر دوای کـاتژمێر رەنگـی ئاسـمان گۆڕانکـاری بەسـەردا دەهـات، لەنزیـک کاتژمێرەکـانی دەمەو بەیان کاتێک سەیری مانگم کرد، دەمیبینی مانگ بەتەواوی شـوێنی خـۆی گۆڕیـووە و ئاسـمانیش بەرەو کاڵبوونەوەی تاریکی ڕۆیشتووە، لەم کاتەدا چـاوەڕوانی رۆژهەڵاتن دەبـوو، ئاسـمان هێدی هێدی، سـپی دەبوو، هەمـوو ئـەو خـانوو و باڵەخانانـەی لەتاریکیـدا دیـار نەبـوون، کەچـی لەو کـاتەدا بەڕوونـی دەبینـدران، کـاتێکیش خـۆر دەردەکەوت، لەدوورەوە تیشـکەکانی دەچەقییە نێو چاوانی.

سـیاح هەردەم ئەو هەسـتەی لەدڵ و دەروونیـدا بـوو، کاتێـک یـادی ئەو شـەوانەی دەکـردەوە بـزیەک دەکەوتە سـەر لێـوانی. ئەو زۆرجـار یـاد و خەمـی شـەقامە بازنەییەکـان تینـی بـۆ دەهێنـا، ناچـار تەسـلیم بەخەیاڵەکانی دەبـوو، بـۆیە تەلەفۆنی بـۆ یەکێک لەوانە دەکـرد، کە خەڵکـی شـەقامە بازنەییەکـان بـوو، کـاتێکی دادەنـا تـا لەگەڵ چەنـد کەسـێک لەیەکێـک

لەریسـتۆرانتەکانی کـۆ ببێـتەوە و وتووێژەکانیـان بەزمانی شەقامە بازنەییەکان بێ.

کاتێـک لەگەڵ یەکتـردا دادەنیشـتن، هەردەم بەسـیاحیان دەگـوت: بـۆ هـیچ کەس لەزنجیـرە ریستۆرانتەکانت وەرناگری، تا وەک شاگرد و کرێکار و سەرکار کار بکەن، کەچی کاتێک تەلەفۆن دەکەی مکورِی لەسەر ئەوەی لەدەوری یەکتردا کۆ ببینەوە و یادی کۆڵان و بازاڕ و قوتابخانە و شەڕ و کێشە و گرفتەکانی ئەو رۆژگارە بکەین.

باسـکردنی دیمەنەکـان وەک ئەوەیە، هەمـوو ئەوانەی لەشەقامە بازنەییەکاندان حەز بەبینینی دەریا دەکەن، پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن، تا گەشت بکەن، تـا دەریـا ببیـنن، کاتێـک دەچـنە سـەر دەریـا زۆر سەرسـوڕماون بەشـەپۆڵەکانی دەریـا، بـۆیە دەچـن مەلەوانی دەکەن، مەلەوانی ئەوان زۆر جیایە لەهەموو مەلەوانزانەکـانی دیـکە، ئێمەمانـان تەنیـا بـۆ ئەوەی شەپۆڵەکان لێمان بدات دەچینە ناو دەریا، بۆیە دەیان مەتـر دەچیـنە نێـو دەریـاکە، چاوەڕوانین شـەپۆڵێکی گەورە لێمـان بدا، ئینجـا ئەو شـەپۆڵە بۆ کوێمـان دەبا گرنگ نییە، ئێمە زۆر خۆشی لەو شەپۆلانە دەبینین، لەدانیشـتنەکانمان دەیـان وەسـفی جۆراوجـۆری بـۆ دەبینینەوە.

سیاح: ئێوە دەزانن، بەهەموو شێوەیەک هەوڵمدا لەشەقامە بازنەییەکان را بکەم، دوورترین شوێنم هەڵبژارد، تا هیچ پەیوەندییەکی بەشەقامە بازنەییەکانەوە نەبێ، کەچی خەون و خەیاڵ و هەستم هەر لای ئەو شەقامانەیە، ماوەیەک دەمویست مێژووم بسڕمەوە، بەڵام هاوڕێیان ئێستا تەمەنم بەرەو پیری دەڕوات، ئەو چەندین ساڵەی لێرەم هەوڵمدا هەموو شتێک بسڕمەوە، وامکرد و هەموویم لەخۆم دوور خستەوە، کەچی نەمتوانی بۆ ساتێکیش بێت، لەخەیاڵ و دڵ و دەروونم دووری بخەمەوە، هەردەم لەنێوە شەودا خەون بەیەکێک لەشەقامەکان دەبینم، کاتێک چاو شارکێمان دەکرد، تەنانەت کچە نازدارەکانیش کە تێدەپەڕین، بزیەکی پڕ لەخۆشەویستیان ئاراستە دەکردم. دەزانن کاتێک ئۆلیڤیا پرسیاری خۆشەویستی و دڵداری نێو شەقامە بازنەییەکانم لێدەکات، بە زمانی ئەو ناتوانم بەتێروتەسەلی دەربڕینەکانم بخەمە روو.

ئۆلیڤیا: باشە تۆ زمانی ئێرە لەمن باشتر دەزانی، کەچی ئێستا لاڵ بووی؟

ناچار بێدەنگ دەبم دەچمەوە نێو دڵ و دەروونی خۆم.

(3)

لەوانەیە بپرسن، بۆچی تا ئێستا هیچ کام لەپاڵەوانێک دیار نییە، لەراستیدا هەموو ئەوانەی لەشەقامە بازنەییەکاندا دەژین پاڵەوانی سەرەکین، هەموو ئەوانەی رۆژێک لەرۆژان ئەگەر بەرێکەوتیش بێ، لەسەر شەقامە بازنەییەکان تێپەڕیوون، یان ئەوەتا بەهۆی کارێک روویان لەو شەقامانە کردووە پاڵەوانن، بۆیە پاڵەوانەکان جۆراجۆرن، وەک رەنگەکانن. هەر یەکەو مانایەک دەبەخشن، زۆرجاران ئەو رەنگانە داهێنانیان هێناوەتەکایەوە، کەچی نکۆڵی دەکات و دەڵێ:

-من خەڵکی ناو شەقامە بازنەییەکان نیم.

-تۆ پرسیارت کردووە، لەکوێ لەدایکبوومە؟

خەڵکی شەقامە بازنەییەکان گوێ بەم قسانە نادەن، بەڵکو پێیانوایە تۆ بەشێکی دانەبڕاوی ئەو نێوەندەی، بۆیە دەبینی هەموو ئەوانەی بەئەسڵ خەڵکی ئەوێ نین، هەندێکیان دوای بیستساڵیش دەبێ، فێری شێوە زاری خەڵکی شەقامە بازنەییەکان نەبوونە، بۆیە ئاساییە چۆن قسە دەکەن، چونکە هەمیشە ئەوان

بەشـێوەزاری شـەقامە بازنەییەکـان وەڵام دەدرێـنەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا کاتێـک یەکێـک لەدانیشـتوانی نێـو ئەو شـەقامە بازنەییـانە دەوڵەمەنـد دەبـێ دڵتەنـگ دەبـن و بەشـێوازێکی ناشـیرین بـاس لەشـەقامە بازنەییەکـان دەکەن.

جەژن و بـۆنە و یادەکـانی حزبـی نەتەوەی و ئایینی، هەروەها چالاکیی مەدەنی و خێرخوازی، جوانی و ناشـیرینی، ڕۆژانە لەسـەر ئەو شـەقامە بازنەییـانە دەبینـدرێ، هەوادار و دژەکـان هەردەم لەگەڵ یەکـدا هـاوڕێن، زۆر بەکەمـی ڕق و قینەیـان بەرامـبەر یەکتـردا هەیە، سـەردەمانێک ڕاپـۆرت نووسـین دژ بەیەک بـاو بـوو، کەچـی لەکۆتایـدا گەیشـتنە ئەو بۆچـوونەی هەموومـان خەڵکـی شـەقامە بازنەییەکـانن، بـۆیە ئەمجارەیـان بەدڵێکـی فـراوانەوە گوێیـان بـۆ بۆچـوونی یەکتر دەگرت.

ئیبـراهیم ئەنـدامی یەکێک لەحـزبە ئایینییەکان بـوو، سـەرەتای جـۆش و خرۆشـی بـاوەڕداری وایلێکردبـوو سـڵاوی لەزۆرێـک لەهاوڕێییەکـانی نەدەکـرد، چـونکە پێیوابوو سڵاوکردن لەوانە جایز نییە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گۆڕا و وەک پێشتر سەردانی هاوڕێیەکانی دەکرد، بگرە وایلێهـاتبوو گەشـتی دەرەوەی وڵاتیشـی لەگەڵ ئەوانـدا دەکرد، ئەمە لەکاتێکدا سەردەمانێک پێوابـوو جـایز نییە

سـڵاویان لـێ بکـات، بەو پێـیەی ئەوانە لەنێـو حزبـی نەتەوەیی و چەپدان.

شاکر: بۆ سـەردەمانێک سـڵاوت لەئێمە نەدەکرد و خۆت لالووت نیشان دەدا؟

(بەپێکەنینەوە) ئێ مەبەستت ئەوەیە، ئەو رۆژگـارە گەمـژە و گێـل بـووم، بەڵام ئەوەی راسـتی بێ سـەیرم کـرد ئەوانەی بەو شـێوەیە فێریـان دەکـردین، لەگەڵ کەسـانی گـومڕاش دادەنیشـن و بەشـداری خـواردن و خواردنەوەشیان دەکەن، دەزانی رۆژگارێکی سـەیر بوو کاتێـک بیـری لێـدەکەیتەوە، بـۆ ئەو عەقـڵە پـووچەی هەمانبوو یان دەبێ پێبکەنی، یان بگریێ. واز لەمە بێنە سـەردانی بـرای خـۆمم نەدەکـرد، کەچـی ئەو هەردەم بەپێکەنینەوە لەرێگەکان بەرەو رووم دەهات.

-تۆ ئێستا گۆڕانکاری بەسەر باوەڕتدا هاتووە؟

-نەخێر، ماوەیەک بۆ ئەوەم بوو، تۆ بهێنمە سـەر بیروبـاوەڕی خـۆم، کاتێـک نەمتـوانی، پێمبـاش نەبـوو هاوڕێیەتیشتان لەدەست بدەم.

زۆرێک لەوانەی لەحزبە نەتەوییەکان بوون، بەرق و قیـنەوە دەیـانڕوانییە هەوادارانـی حزبەکـانی دیـکە، هەیانبوو ملی نزیکترین هاوڕێی خۆی دەشکاند، ئەمەش تەنیا بۆ دەستخۆشییەک بوو، سـەردەم تێپەڕی زۆرێک لەو بابەتـانە بـوو بەبەرژەوەنـدی و کـار و هـۆیەک بـۆ

دەوڵەمەندی، تا وایلێهات لەگەڵ هەوادارانی حزبەکانی دیکە کۆمپانیا دابنێن و بۆ هەر پرۆژەیەک پشکی هاوبەشیان هەبێ و سوێند بەسەری یەکتر بخۆن، سەرەڕای گەشتکردن بەیەکەوە، خەڵکە نزیکەکانی خۆیان لەهەموو کۆمپانیا و شوێنێکدا دادەمەزراند.

خەڵکی ئەم دەڤەرە، بەقسەی خەڵکی دەڤەرەکانی دیکە بێ، نازانن ئۆتۆمبێل باژۆن، راستە ئۆتۆمبێلی بەهاداری دوا مۆدیلێیان هەیە، بەڵام شتێکی وای لێ نازانن، تەنیا بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلی دوا مۆدیلیان هەبێ، هەندێکجار وەک ئەوەی بەیەکتر نیشانی بدەن، خۆیان بە دەوڵەمەند دەزانن، ئەوە بەشێکیان، بەشەکەی دیکە هێمن هێمن بۆ کارەکانیان ئۆتۆمبێل لێدەخۆڕن، رۆژ نییە لەسەر شکانەوە کێشەی گەورە روو نەدا، بەڵام لەکۆتایدا وەک ئەوەی هیچ نەبوو بێ یەکتر ماچ دەکەن، هەندێکجار لەشەڤامە بازنەییەکان لەیەکتر دێنە خوارەوە، هەزار جوێن بەیەکتر دەدەن، کەچی کاتێک یەکێکی کەمێک ماقووڵ دێتە نێوانیان و داوای لێبوردن لەیەکتر دەکەن، سەیرەکەش لەوەدایە دەبن بە برادەر و بۆ هەندێک بابەت راوێژ بەیەکتر دەکەن و لەپرسە و تازییە و خۆشییەکاندا بەشداری دەکەن، هەموو کات سوپاسی ئەو رێککەوتە نالەبارە دەکەن.

کێشـمە کێشـمی ئەو شـەقامە بازنەییـانە کۆتـایی نـــایەت، زۆرێـــک لەماســـتەرپلان دانـــرا، زۆرێـــک لەرێکخراوەکـــانی چـــالاکیی مەدەنـــی و ژیـــاری و رۆشنبیری دانرا، تا هیچ نەبێ کێشەکی بچووکی ئەو شـەقامە بازنەییـانە چارە بکەن، بەڵام هەموو ئەوانەی ئەو کارەیان دەکرد هیچیان لەو پاڵەوانانە نەبوون، کە لەشـەقامە بـازنەییە لاوەکـی و سـەرەکییەکاندا سـەری هەڵدابێ، هەمـوو ئەوانەی بـاس و خواسـتەکان دەخەنە روو، یـــان ئەوەتـــا بەدوای کارێـــک دەگەڕان، کەچـــی لەشـــەقامەکانی خۆیـــدا نـــابووت دەبینـــدرا، بەڵام لەو لاتـــرەوە پێیـــانگوتبوو: بـــڕۆ لەشـــەقامە بازنەییەکـــان لەدووتـــۆیی مەدەنـــی و رۆشـــنبیری و ژیاریـــدا خـــۆت بنوێنە، ئەوان زۆر حەز بەقسەی بریسکەدار دەکەن.

لەراسـتیدا ئـەوان نـەیانـدەزانی بەدرێژایـی مێـژوو زۆر هـاتوون خۆیـان بەپـاڵەوان زانـی، کەچـی شـەقامە بازنەییەکان ئەوانی کردە پەندی زەمانە.

## (4)

دووركەوتنەوە لەشەقامە بازنەييەكان واتە دووری لەهەمـوو شـتێك، سـاتێك دوور بـكەويەوە، وا دەزانـی چەنـد رۆژێـك لەشـەقامە بازنەييەكـان دووری، هەيە وادەزانـــی بەشـــێك لەگيـــانی ونە، بـــۆيە بەهەڵەداوان دەيەوێ بگەڕێتەوە نێو ئەو شەقامە بازنەييانە، هاوكات ئەم دوورييە زۆر بەئـازارە، كەچی نـاتەوێ بۆ جارێكی ديكە نزيكەكانی خۆت ببينيەوە، ئەو نزيكانەی بەشێكن لەخەم و هەميشـە خەم و خەفەتـت بۆ دروسـت دەكەن، ئەوانە بەشـێكن لەگێـژاوەی نێـو كـۆمەڵگە، خۆشـيان بەپياوچاك و باوەڕدار دەزانن، كەچی گەردێك بـاوەڕ و دادپەروەريـان لەنـاخ و مێشـكدا نيـيە، ئەی هەر ئەوانە نـين پشـتگيری لەدەسـەڵاتی خـراپ دەكەن و بەنـاوی نيشـتمانپەروەرييەوە زولـم و زۆری دەهێننەئـارا، ئەمانـە گەردێـــك خۆشەويســـتی لەدڵ و دەروونيانـــدا نيـــيە، لەكاتێكـدا خۆشەويسـتی چيرۆكێكـی دورودرێـژی هەيە لێـــرە، بەتايبـــەتی لەو ســـەردەمانەی خۆشەويســـتی نيشتمان وای لەخەڵكەكە كردبوو رووبەڕووی دوژمنان ببنەوە.

خۆشەویستی لەتەک ئەوەی مانای پاکی و گومان و بـــالا دەبەخشـــێ، بەڵام زۆر بەکەمـــی دڵـــدار و ئەوینـــدارەکان دەگەن بەیەک، ئەو ئەوێنـــدارانە لەتەک ئەوەی کێشـەیان لەگەڵ خـودی خۆیـان هەیە، کێشـەیان لەگەڵ هەمـوو دەوروبەرەکەشـیان هەیە. سـەردەمانێک بەهـۆی تەماشـاکردنێک کێشـــەی گەورە رووی دەدا، ئەگەر بزانـدرایە دوو ئەوینـدار لەبـاخچەیەکی نزیـک لەشـــەقامە بازنەییەکـان ژوانیـان هەبـووە، ئەوا دوای چەنـد کاتژمێرێـک لاپەڕە درۆزنەکـان بەنـد و بـالۆری سەیریان دەکوتی، کە ئەویندارەکان باوەڕیان نەدەکرد، کـە ئەو هەمـوو سـیناریۆیە لەپـای چـی بـووە. وایـان دەزانـی ئەوان پـاڵەوانی فیلمـێکن، کەچـی ئەو پاڵەوانـانە تەنیا چەند کاتژمێرێکی دیکە دەتوانن پێبکەنن، ژیان لەم خاڵەوە بەرەو مەترسی دەڕوا.

ئاڤێستا باوەڕی نەدەکرد تووشی ئەم گێژاویە ببێ، چـونکە بـاوک و برایەکـی کـە چەکدار بـوون، هـیچ کـات ئەو بەزم و رەزمە قبـووڵ نـاکەن. ئەو بـرا و باوکـانە زۆرن، کـە هەردەم خۆیـان بەپیـاوی سـوڵح دەزانـن. کـارژین، لەگەڵ ئەوەی کەیفی بەهەمـوو سـیناریۆیەکان دەهات، بەڵام دەیزانـی داهـاتوویەکی ترسناک چاوەڕێی دەکـرد، بـۆیە ئەویـش پەنـای بـردە بەر مـام و خـاڵە چەکـدارەکانی چەنـدین بیـانووی دەهێنـایەوە و خـۆی

لەهەمــوو شــتێک بــێ بەری دەکــرد. لەدواتــردا مــام و ئـامۆزا چەکدارەکانی رازی کـرد تـا لەگەڵ بـاوک و بـرا چەکــدارەکانی ئاڤێســتا بــدوێن، دوای کێشمەکێشــمێکی زۆری نێــوان هەردوو لایەنــی چەکــدار، بەتــوڕەییەوە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن تابێ بەهیچ شێوەیەک نەکچە و نە کوڕە پەیوەندییان بمێنـێ و هەر کەس بەڕێـی خۆیدا بــڕوات، هەر کــاتێکیش ئەمە دووبــارە ببێتــەوە، ئەوا جێگەی قبوول نابێت، بەمشـێوەیە کـچە و کـوڕە هەتـا لەبینینـی یەکتـریش بێبەش دەکـران، نەدەبـوایە لەســەر شــەقامە بازنەییەکــانیش چــاوان لەبەرامــبەر یەکتــر بەرزبــکەنەوە.هەمــوو ئەوینــدارە یاخیبووەکــان، لەرووداوێکی تەماویدا کۆتـایی بەژیانیـان دێ، نەخاسمە کــچ بــێ، بەشــانازییەوە لەلایەن بــرا و بــاوک و ئــامۆزا چەکدارەکانەوە دەکوژرێ، نەوەک خەڵک بەبێ شـەڕەف سـەیریان بـکەن و پێیـان بڵـێن نەیـانزانی منـداڵەکانیان پەروەردە بکەن. کەچی بۆ خۆیان ئاسایییە لەگەڵ کچە ســووری و لوبنــانی و بیانییەکــانی دیــکە رابــوێرن. کێشـەیەکی دیکە، ئەم کێشـەیەش لەدێرزەمـانەوە یەخەی خەڵکـی شـەقامە بازنەییەکـانی گرتـووە، کچـی هەنـدێک خێڵ و هۆز تەنیا دەبێ شـوو بەکوڕانی هـۆزی خۆیـان بکەن، بەتـایبەتی ئەوانەی خـاوەن هێـز و پـارەن، نـاکرێ

کچێکی دەوڵەمەند شوو بەیەکێک بکات، لەهۆزێکی دیکە بێت و باری ئابووریان کەمێک لەخۆیان نزمتر بێ.

کاتێک یەکێک لەو کچ و کوڕە یاخیبووانە خەڵتانی خوێن دەکرێ، هەموو ئەوانەشی دەستیان لەو تاوانە هەیە ئەوانیش دەنگیان بەرز دەبێتەوە دژایەتی ئەمجۆرە توندوتیژییە دەکەن و داوای گۆڕان و وەرچەرخانی کۆمەڵگە دەکەن، تا لەو بۆتەیە دەربچن.

کێشەکە بەم دەنگ بەرزکردنەوەیە دانامرکێتەوە، بەڵکو گرفت و ناکۆکییەکان دەست پێدەکات، دواتر هەموو لە لاپەڕە درۆزنیەکانیان باس لەدابونەریت و پاکی و هاوسەنگی کۆمەڵگە و رەوشت دەکەن، ئەوەش لەبیر دەکەن خۆیان یەکێکن لەو قوربانییانە.

دوای ئەوەی کێشەی ئاڤێستا و کارژین پەرەی سەند، پاش چەند رۆژێک لاپەڕە درۆزنەکان فرمێسکیان دەڕشت، کە کچ و کوڕێکیان خەڵتانی خوێن کرد و جوانە مەرگیان کردوون، دانیشتنی هەردوو لای چەکدار تەنیا درۆیەک بوو، باوک و برای چەکدار سەرەتا ئاڤێستایان کوشت، دواتر کارژینیان لەنێو ماڵ دەرهێنا و لەپێش چاوی دایک و باوکیان کوڕە گەنجێکی بیستساڵەیان کوشت.

سەرەڕایی ئەو هەموو پێشکەوتن و خۆ بەرۆشنبیر زانینە، کەچی رۆژانە قوربانییانی وەک

کارژین و ئاڤێستا دووبارە دەبێتەوە، کارژینی تەمەن بیست ساڵە قۆناغی دووەمی کۆلیژی هونەرە جوانەکان بوو، ئەو زۆر حەز و ئارەزووی لەمیوزیک بوو، بۆیە لەبەشی میوزیکدا یەکێک لەو قوتابی و خوێندکارە زیرەکانە بوو، کە لەلایەن هاوپۆل و مامۆستایانی بەش زۆر خۆشەویست بوو، ئەو هەردەم بەئامێرە میوزەکەکەی لەنێو شاردا دەسوڕایەوە، هەتا ڕۆژانی پشووش هەر ئاوێزانی ئامێرەکەکەی دەبوو، زۆرجاران لەچایخانە و شوێنە گشتییەکان میوزیکی دەژەنی، ژەنینی میوزیکەکەی دەبووە خۆشحاڵی ئامادەبووان. چیرۆکی خۆشەویستی کارژین و ئاڤێستا بۆ قۆناغی ئامادەیی دەگەڕێتەوە، بەڵام لەزانکۆدا زیاتر یەکتریان ناسی، لەکۆلیژ و پۆلدا کەس بەو پەیوەندییەی نەدەزانی، زۆر بەنهێنی یەکتریان دەبینی، هەردەم لەچاوانیان دەخوێندرایەوە، کە داهاتوویەکی باش چاوەڕوانیان ناکات، هەمیشە دایکی ئاڤێستا دەیگوت: نەکەی تووشی بەڵایەکمان بکەی، تا کۆلیژ تەواو دەکەی باس لەبابەتی غەرامیات مەکە.

ئاڤێستا: (بەپێکەنینەوە) دایە مەترسێ، هیچ شتێکی وام نییە.

دایکــی ئاڤێســتاش بەو قۆنــاغەدا تێپەڕیــووە، بەڵام زوو زوو ئەوینــدارەکەی نێــو شـــەقامە بازنەییەکــانی جێهێشت، ئێستاش لەشارێکی دوور دەژی.

دایکــی ئاڤێســتا بەفەرمــان و رازیبــوونی بــاوک و براکانی شــووی کرد، هەرچۆنێک بێ، هەمــوو ئەوانەی بــاس لەو کێشــەیە دەکەن، خۆشــیان لەبــاوک و بــرای ئافێســتا باشــتر نین، چــونکە کاتێــک بــاس لەشــارەکانی دیـکە دەکەن، بڕوایــان بەڕەوشــتی کچــان و ژنــانی ئەو شــارانە نیــیە، شــتێکی وا ســەبارەت بەئــازادی کچــان نازانن، لەلای ئەوان تەنیا قسەی گەورە و بێ نــاوەڕۆک هــۆیەکە بــۆ دەربــازبوون لەهەمــوو ئەو شـــتانەی لەدەوروبەریان روو دەدا.

کاتێک خەڵک بەگشتی گوێبیستی کوژرانی ئاڤێستا و کــارژین بــوون، تاســان، بەتــایبەتی کەســانی شــوێنە گشــتییەکان، ئەو شــوێنانەی کــارژین میــوزیکی تیــادا دەژنی.

دەبــێ ئەوەش بڵــێن، هەمــوو شــەقامە بازنەییەکــان هەمــان کلتوریــان نیــیە، دابەشــبوونی شــەقامە بــازنەییە ســـەرەکییەکان چەنــدین هۆکــاری لەپشـــتە، زۆرێــک لەوانەی لەشــوێن و گونــدە دوورەکــان هــاتوون، ئەو شـــەقامە بـــازنەییە لاوەکییانەیـــان هەڵبـــژاردووە، کە رێگــاکەی بەرەو شــوێن و شــار و گونـدەکانی خۆیــانە

دەڕوانیٚ، هەندێک بازنە هەیە خۆشویستی و ئەویندارى تا رادەیەک بۆ کچ و کوڕانیان ئاساییە، بەمەرجێک هەردوو خانەوادە بەو پەیوەندییانە بزانن، زۆر ئاساییە بۆ کۆلیژ لەگەڵ یەکتردا بچن.

ئەو جۆرە دابەشبوونە وەنەبیٚ هەڕ لەخۆڕا هاتبێتەکایەوە، بەڵکو لەدێرزمانەوە هەر وابووە، مێژووی ئەم دابەشبوونە بۆ چەندین سەدە دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە سەری هەڵداوە، کاتێک عوسمانییە دەسەڵاتدارەکان خۆیان لەخەڵکی گشتی جیاکردەوە، تەنیا ژن و ژنخواریان لەگەڵ نزیکەکانی خۆیان دەکرد، کاتێک کوڕە هەژارێک دڵی بەیەکێک لەکچانی ئەو خانەوادانەوە بوو، تەنیا بەزانینی لەلایەن یەکێکەوە، کوڕەیان دەهێنا دارکارییان دەکرد، سەرەڕایی ئەوەی کچە دەپاڕایەوە، کەهیچ پەیوەندییەکی لەگەڵدا نییە، بەڵام ئەو پاڕانەوە دادی نەدەدا، زۆرجار خانەوادەی کوڕەکەیان شار بەدەردەکرد.

لەلایەکی دیکەوە دابەشبوونەکان شێوەیەکی دیکەی بەخۆیەوە دەگرت، ئەوانەی لەگەڵ عوسمانییەکان خزمەتیان دەکرد، لەگەڵ رۆژگاردا فێری تورکی بوو بوون، ئەوانە لەبنەڕەتدا لەهۆزە کوردییە رەسەنەکان بوون، بەڵام دواتر نکۆڵیان لەرەسەنایەتی

خۆیان کرد و بوون بەتورکمان، هەموو ئەمانە لەبازنەی یەکەمی شاردا دەژیان، وایان لەمنداڵ و نەوەکانیان کرد، هەر بەتورکمانی قسە بکەن و بدوێن، لەبنەچەی هەر کامێکیان بکۆڵیتەوە، خەڵکی گوندێکە و بەکوولەمەرگی گەیشتۆتە بازنەی یەکەمی شار دواتریش لەگەڵ عوسمانییەکان دەستی تێکەڵ کردووە و بوونەتە سەرباز و خزمەتکار، زۆر بەکەمی یەکێکیان باش کاتبی یەکێک لەسەرا و قشڵەکان بووە، تەنیا بەردەست و خزمەتکار بوونە، بەڵام بەهۆی کۆچی جووەکان، ئەوانە دەوڵەمەند بوون و بوون بەپیاو ماقووڵی بازنەی یەکەمی شار، هەتا وایان لێهات دژایەتی بازنەکانی دیکەی شاریان دەکرد، لەتەک گۆڕانی سەردەمەکان زۆرێک لەوانەی لەبازنەی یەکەمدا بوون گواستیانەوە بۆ بازنەی دووەم، وایلێهات کاریگەرییان بەسەر خەڵکی ڕەسەنی بازنەی دووەم هەبوو، هەروا زۆرێک لەمانە لەگەڵ رژێم و سیستەمە یەک لەدوای یەکەکان دەستیان تێکەڵ کرد و هەمیشە دژایەتی خەڵکی رەسەنیان دەکرد، بەڵام ئەمجارەیان بوون بەخوێندەوار و خۆیان بوون بەسەرکار، دیارە بەردەوام دژایەتی خەڵکی ڕەسەنیان دەکرد، خەڵکە رەسەنەکەش وەنەبێ سڵ بکەنەوە بەرامبەریان، بەڵکو

بە هەموو شێوەیەک بەرپەچیان دەدانەوە، ئەمەش تا ساڵی پەنجاکان ئەم کێشانە لەو پەڕی دابوو.

خەڵکی رەسەنی ئەم شارە کوردن، سێ بەش و نیوی شارەکە خەڵکە رەسەنەکەن، ئەوانی دیکە بەشێکیان کلدان و ئاشوورن، خەڵکێکیش بۆ سامان و دەسەڵات خۆیان کردۆتە تورکمان، وەنەبێ لەنێو بازنەکان تورکمان نەبێ، بەڵکو لەسەدا دووی بازنەی یەکەم تورکمانن، ئەوانەشن کاتی خۆی لەئازەربایجانەوە بەشێکیان بەهۆی جەنگ و برسییەتی ئاوارە بوونەتە ئەم بازنەیە، ئەم بەشەیان کارامە بوون لەپیشەکان وەک چەغماخچی و دەباغ و دارتاش و قەساب.

هەروا کەسانێکی بەتوانا و خوێندەوار لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیست لەوڵاتانی دەوروبەر خوێندیان و بڕوانامەی بەرزیان بەدەستهێنا، هەندێک لەوانە نیشتمان پەروەری و سەربەخۆیی وڵاتەکەیان کەوتە مێشک و هەموو هەوڵێکیان دەدا ژیانیان لەپێناو سەربەخۆیی بەخت بکەن، بەڵام هەوڵەکانیان زۆر بڕی نەکرد و بووە بەشێک لەمێژوویەکی درەوشاوە.

خانووی نێو شەقامە بازنەییەکان لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم و تا نیوەی یەکەمی ئەو سەدەیە زۆربەی بەقوڕ دروستکرابوون، تەنیا خانووی

دەوڵەمەندەکان نەبێ لەکەرپووچ دروستکرابوو، بەڵام خانووی جووەکان زۆربەی لەبەرد و کەرپووچ بنیاتنرابوو، دیارە خانووی هەژارەکان تەنیا ژوورێک و بەرهەیوانێک بوو، بەڵام خانووی دەوڵەمەند و جووەکان دوو نهۆم بوون، لەتەک ئەوەی خۆی لەچەندین ژوور دەنواند، خانووەکانی بازنەی یەکەم دەیڕوانییە دەشتاییەکان، خانووی جووەکان لەخوارەوە بوو، بازاڕیان بەتەواوی لەژێر دەستدابوو. ئەوەی سەیرە خانووی جووەکان بەردەکانی گەورە و پان بوون تا لەزستاندا ژوورەوە سەرما نەبێ و لەهاویندا تینی گەرما نەگاتە ژوورەکان.

شلۆمۆ تەمەن پەنجا ساڵ هەموو کات لەگەڵ هاوڕێ موسڵمانەکانیدا باسی لەوە دەکرد، کە ئەوان لەهەموو شتێک لەئێوە زیرەکترین: سەیرەکە لەکاسبیدا هەردەم زیاتر قازانج دەکەین، لەگەڵ ئەوەش هەموو شتێکمان هەرزانترە، ئێمە کاتێک فەردە شەکرێک بەکیلۆ دەفرۆشین بەهەمان نرخ دەیفرۆشین، چەند قرۆشێک قازانج دەکەین، دوای تەوابوونی فەردە شەکرەکە، ئێمە سوود لەگونیە و فەردە شەکرەکە دەبینین، یان دەیفرۆشین، ئێوە هەمیشە سەرسوڕمانن بەوەی کە چۆن دەتوانین کیلۆی شەکر بەهەمان نرخ بفرۆشین،

لەبەر ئەوە فێری کاسبی نابن و تەنیا دەزانن جوێنمان پێ بدەن.

شلۆمۆی دوکاندار لەبازنەی یەکەمی خوارەوە لەخانوویەک دەژیا، هەموو خەڵکە دەوڵەمەندەکەی بازنەی یەکەمی سەرەوە ئێرەییان پێدەبرد، ئەویش زۆرجار بەتەوسەوە بەبرادەرە مووسڵمانەکانی دەگوت: ئێوە نازانن لەخانوویەکی خۆشیشدا بژین، تەنیا دەتوانن پارە کۆ بکەنەوە لە نێوان دەرز و دەلاقەکانی دابنێین، کاتێکیش دەچن پارەکە دەربهێنن لەبیرتان دەچێ لەکوێ شاردیتانەوە، بۆیە دوای ماوەیەک هەموو پارەکەتان دەڕزی، کاتێکیش دەیدۆزنەوە بەکەڵکی هیچ نایەت.

مامۆستا پۆڵس لەبازنەی دەرەوەی ناوەندی شاردا دەژین، ئەو هیچ کات هەستی نەدەکرد کریستیانە، تەنیا بەناوەکەی جیا دەکرایەوە، ئەو کلدانی بوو، بەقسەی خۆی باوەڕدارە و هەمیشە دەچێتە کڵێسا، وەک مامۆستای بیرکاری لەپۆلدا زۆرجار ئایین و بیرکاری لەیەکتر نزیک دەکردەوە و دەیگوت : ژمارەی یەک زۆر گرنگە، چونکە هەموو شتیک لەسفرەوە دەست پێدەکات، کە گەیشتییە ژمارە یەک واتە هەنگاوی گەورەت ناوە، ئەوەتا خوا تەنیایە و

یەکە، خوای هەمووشمانە، دەکرێ ئێمە هەردەم خوامان لەبیر بێ.

مامۆستا پـــۆڵس زۆرجـــار لەگەڵ مامۆســـتا مووسڵمانەکان گفتوگوی ئایینی دەکرد، کاتێک مامۆستا مووسڵمانەکان قسەی مامۆستا پۆڵسیان نەدەسەلماند، دەیگۆت: ئێوە باوەڕداریتان لاوازە.

مامۆستا مووسڵمانەکانیش بەپێکەنینەوە دەیانگوت :بەڵێ کەسێکی گاوەر نابینی چ باوەڕدارێکی بەهێزە.

## (5)

هەموو لاڕێ و ڕێگە لاوەکی و لق و پۆپ و راستە ڕێییەکــــان، دێــــنەوە ســـــەر یەکەم بـــــازنەی شــــەقامە بازنەییەکان، هەرچی بکەی و چەندین ڕێگە بدۆزیتەوە، هەر دەبێ بۆ چەند ساتێک لابدەیتە چایخانەی چەقی بـازنە، چـل تـا پەنجـا سـاڵێک پـێش ئێسـتا، واتــە لــە هەشتاکانی سـەدەی بیستەم، ئـەو کاتـەی کـە منداڵێکی تەمەن دە دوانزدە ساڵان دەبووم، هەستم دەکرد باوکم لـەچ ئازارێکدایـە، ئـەو سێزدە بـۆ چـواردە سـاڵ لـەنێو شـەقامە بازنەییەکاندا فیرار بـوو، دواتـر تەمـەنی گـەورە بـــوو و ئەوانـــەی وەک ئـــەو بەفـــەرمانێکی ســـوپا هەموویان لەسەربازی دەبورێن، لەگـەڵ ئـەوەی جـەنگی نێـوان عێـراق و ئێـران لـەو پـەڕی بـوو، ڕۆژانـە دەیـان تــەرم بـۆ نێوەنـدی شـەقامە بازنـەییـەکان دەگـەڕایـەوە، تەمەن دوای تەمەن بانگی سەربازی دەکران.

ئەوانەی فــرت وفێڵیـــان لەتەســـکەرە و نفــوس و دەفـتـەر خزمــەتی ســـەربازی کردبــوو، ئەوانە فیـراری عەســـکەری بـــوون، هەنـــدێکیان بەهەمـــوو شـــێوەیەک نەیاندەویســـت عەدەم تەعـــوررزی ســـەرۆک جاشـــێک

وەربگـرن، بـۆیە دەمێـک لەبەر مشـتەرەکە و جـاش و جۆشک و مەفرزە خاسەکان خۆیان لەبیر و کەندرێکی نـاو دوا ژووری مـاڵەوە دەشـاردەوە، ئـەو شوێنەشـیان دادەخسـت وەک ئـەوەی لەبنـەڕەتـدا وابـێ، زۆرجـار ئەوانەی بەدوای فیرارەکاندا دەگەڕان، شارەزاییان لـەم جۆرە خۆ شاردنەوەیە هـەبوو، بـەڵام هـیچ کات بۆیـان نەدەدەۆزرایەوە.

دوای ئەوەی کەمێـــک دۆخەکە هـــێمن دەبـــۆوە، هەرچۆنێک بێ بۆ هەناسەدان. بەڵام بەترس و لەرزەوە خۆیـان دەگەیانـدە نزیکترین چایخـانەی بـازنەی یەکەم، ئینجـــا هەر بەتـــرس و لەرزەوە دادەنیشــــتن لەهەر چایخانەیـەیـەک چـاو سـاغێکی دڵسـۆزی ئەو فیـرارانە هەبـوو، ئەگەر هەر کەسـێکی خۆمـانەی ناپـاک لەوێـدا هەبوایە ئاماژەیەکی دەکرد تا لەوێدا دانەنیشـن بچن بۆ چایخانەیەکی دیکە، کە خودی چاوساغەکە بۆی دیاری دەکردن. هەر ئـەو چاوسـاغە دڵسـۆزە بیزانیـایە یەکێک لەئەمنەکـــان دەیەوێ بێـــتە چایخـــانە بەفیرارەکـــانی رادەگەیاند لەوێ بڕۆن، نەوەک خـۆی و ئەوان تووشـی بەڵایەک بـبن، بەمجـۆرە بەشـێک لەخەڵکـی بـازنەی دووەمی شەقامەکان بەو شێوەیە دەژیان، دەبێ ئەوەش بگـوترێ هـیچ کـام لەوانە ئەو وزە و تاقەتەیـان نەبـوو بڕیار بدەن تا روو لەشاخ بکەن.

-هەندێکیان چوونە شاخ، بەڵام لەپێناوی ئامانجێک نەبوو تا دژ بەو دار و دەستەی سەردەم ببنەوە.

-تەنیا جانتاکانیان هەڵگرت، دواتر زاندرا ئەوان چوونەتە وڵاتێکی ئەورووپی و لەخۆشترین ژیاندان.

بۆ بەتەمەنەکان ئەو سەردەمە زۆر تاریک بوو، جگە لەبەدەستهێنانی بژێوی ژیانی رۆژانە، ترسیان لەوەبوو، نەوەک یەکێک لەپاشەڵ پیسەکانی رژێم ناویان بدا و تاوانی پەیوەندی لەگەڵ مخەڕبینیان بەسەردا بسەپێنن، زۆرێک لەوانەی بەبێ گوناه کەوتنە بەندینخانەکان و ئەشکەنجەیەکی زۆر دران، کاتێکیش لەبەندینخانە دەرچوون، نیوە ئادەمیزادێک بوون و تووشی دەیان نەخۆشی ترسناک و کوشندە بوون، بەشێکیشیان بەئازاری نەخۆشییەکانیان کۆچی دواییان کرد، هەندێکی دیکەش لەناو بەندینخانە پیادانیان لەسەر خۆیان نووسی و دواتر لەسێدارە دران.

ئەگەر پاشەڵ پیسەکانی هاوزمان راپۆرتیان بنووسییبایە بەوەی گەنجێکی خانەوادەیەک چووبێتە شاخ و دژی رژێم دەجەنگێ، ئەوا دواتر شۆفەڵەکانی رژێم لەبەرچاوی هەموو خەڵکی گەڕەک خانووەکەیان دەڕووخاند، ئەوانەی پاسەوانیان لەشۆفەڵەکە دەکرد، کەسانی چەکداری هاوزمانی بەکرێگیراو بوون، هیچکات باکیان بەوە نەبوو، بەوەی ئەوانە هاوشار و

هاوبازنەن، زۆر بێشەرمانە قسەی ناشیرینیان بەخەڵک دەگوت، چاویان لەخەڵک سوور دەکردەوە، ئەوانە شەوانە کوزکێشیان بۆ ئەمنە عەرەبەکان دەکرد و دەبوون بەپاسەوانیان.

جاشەکان شانازییان بەخۆیانەوە دەکرد، کاتێک دژ بەخەڵکی شەقامە بازنەییەکان هەڵسوکەوتیان دەکرد. زۆرجاریش هێزەکانی شاخ دەهاتنە خوارەوە و ئەو بەکرێگیراوانەیان خەڵتانی خوێن دەکرد، ئەمە هەناسەیەک بوو بۆ خەڵکی شەقامە بازنەییەکان، لە راستیدا جاش و بەکرێگیراوەکانیش زۆر دڕندانە دەکەوتنە وێزەی خەڵک و بەرۆژی نیوەڕۆ چەند گەنجێکیان گولەباران دەکرد. هەموو ئەوانەی ئەو تاوانانەیان ئەنجام دەدا وا خۆیان نیشان دەدا ئەوان لەسەر هەقن و دەیانەوێ سەروەری رژێمەکەیان بپارێزن، بۆیە هەردەم لەلایەن سەرۆکەکانیانەوە دەستخۆشیان ئاراستە دەکرا، ئەوانیش پف دەبوون، هەنگاویان دەنا تا روو لەشاخ بکەن، هەرچی پەیوەستە بەشاخ و چیاکان بیانهێننە خوارەوە و لەپێش چاوی خەڵک ریسوایان بکەن، کەچی ئەمە پێچەوانە دەبووە تەنیا کەلاکیان دەهێندرایەوە، ئەمجارەیان بەجۆرێک چاویان سوور دەبوو، ڕەشبگیرانە لەسەر شۆستەی شەقامە بازنەییەکان خەڵکیان دەستگیر دەکرد و تاوانی

پەیوەندییان لەگەڵ شاخ دەخستە پاڵیان، بۆ دووبارە چەند خانەوادەیەکی دیکەماڵوێران دەبوون و هەر یەکەو بەرەو لایەک ئاوارە دەبوون.

تەنیا بەکرێگیراوەکان زوڵم و ستەمیان نەدەکرد، بەڵکو دەستە دەستەکانی شاخیش هەندێکجار بەئەنقەست زوڵمیان لەکەسانێک دەکرد، کەهیچ پەیوەندییەکیان بەبەکرێگیراوەکان نەبوو، کەچی ئەشکەنجەیان دەدان هەر بۆ ئەوەی بۆ خەڵک بیسەلمێنن ئەوانیش دەتوانن لەنێو شەقامە بازنەییەکان هێزێک بن.

ماڵوێرانی لەو کاتەوە دەستی پێکرد، کە هەردوو لا بەگوڕوتینێکەوە بەرەنگاری یەکتر بوونەوە، رژێمیش بزەی دەهات، چونکە هەرچۆنێک بێ ئەوا خەڵکی شەقامە بازنەییەکان دەکوژرێن، رژێم باکی نەبوو تا چەند ئەو شەڕ و ماڵوێرانییە درێژە دەکێشێ، گرنگ ئەوەیە هەرچی لەو بنەچەیە هەن دەبێ ئاوارە و بێدەرەتان بژین، هەردوو لاش بیریان چووبۆوە ئەوان کارەسات دەهێننەئاراوە، بۆیە بێ باکانە لەهەموو شوێنێک تەقەیان لەیەکتر دەکرد، زۆرجارانیش خەڵکی بێ گوناه دەکوژران، ئەم کێشمە کێشمە بەردەوام بوو، لەلایەکی دیکەوە پیاوانی رژێم راودووی خەڵکیان دەنا تا بن بەسووپای میللی و دوای سووکە راهێنانێک

دەنێردرانە جەنگێکیماڵوێرانی نێوان هەردوو هێزی گەورەکەی عێراق و ئێران، دواتریش تەرمی بەشێکیان دەگەڕایەوە، زۆربەی ئەوانەی دەستگیردەکران تا بین بەئەندامی سووپای میللی تەمەنیان گەورە بوو، بەشێکیان بەساڵاچوو بوون، ئەوان سەرەڕایی ئەوەی چەندین نەخۆشییان هەبوو، رۆژانەش لەبەرەکانی جەنگ بەرگرییان لەگیانی خۆیان دەکرد، دەیانزانی تووشی چ بەڵایەک بوونەتەوە و رزگاربوونیان مەحاڵە ئەگەریش رابکەن، ئەوا یان ماڵ و منداڵیان دەنێردرێنە زیندان، یان ئەگەر دەستگیریش بکرابوونایە ئەوا لەبەردەم هاوڕێیەکانی ناپاکیان لەنێوچاوانیان دەنەخشاند و دەکوژران.

لەهەموو روویەکەوە بۆ هاوولاتییانی شەقامە بازنەییەکان سەردەمێکی تاریک بوو، ئەوانەی لەدوورەوە هاتبوون بۆ ناو شەقامە بازنەییەکان بەشێکیان لەگەڵ رژێم دەستیان تێکەڵ کردبوو، ئەمنە عەرەبەکانیش کاتێک دەگوازرانەوە نێو شەقامە بازنەییەکان ئەوا خانەوادەکەیان ئاهەنگیان دەگێڕا، چونکە دەیانزانی دەوڵەمەند دەبن، بەدەستگیرکردنی چەند لاوێکی شەقامە بازنەییەکان، تۆمەتێک دەخرایە پاڵیان دواتر داوای پارەیەکی زۆریان دەکرد، تا هەر نەبێ کەسوکارەکەی سەردانی بکەن، هەروەها بۆ

ئازادکردنیـــان داوای پـــارەیـــەکی دیکـــەی قەبـــەیـــان لێدەکردن، بـە دووسـێ کـاری وا ئـەو ئەمنـە عەرەبانـە دەوڵەمەند دەبوون، دیارە هەموو ئـەو کارانـەش بـەهۆی کەسـە پاشـەڵ پیسـە هاوزمانـەکان بـوو، چونکـە ئـەوان دەیانویسـت بـەوردی راپۆرتیـان بـۆ بنووسـن و هـیچ بوارێـک نەمێنێتـەوە تـا لەبـەردەم یاسـا رزگاریـان بێـت، ئینجا یاسایەک بەهەموو شێوەیەک بەپێی قسەی خۆیان بۆ مانەوەی سەروەری نیشتمان و دەستەکانیانە.

سـەرۆک جاشــەکان یـــان بـــەناوێکی دیکـــە موستەشارەکانی فورسان کێبڕکێیان دەکرد بۆ ئەوەی سـەرکارە عەرەبـەکانیان رازی بکـەن، ئـەوان بـە جلێکـی پۆشـتە و سـمێڵ بابڕەکانیـان هـەردەم دەسـتیان لەسـەر سـینگ بـوو بۆیـان، لـەچاوانیان دەخوێندرایـەوە ئـەوان دەسـتیان بـەخوێنی هاووڵاتییـانی شـەقامە بازنـەییـەکان سوورە، لەناو خەڵکیش خۆیان بەپیاوچاک نیشـان دەدا، تـا هاوکـاری ئـەم و ئـەو بکـەن و رۆڵـەکانیان بپـارێزن لەهـــەموو ناخۆشـــییەک و دواتـــر بێنـــە رێزیـــان، لـــەم رووەوە زۆر کـەس لـەترس و برسـییەتیدا چـوون بـۆ ریزی ئەو سمێڵ بابڕانە، بەڵام زۆری نەدەبرد لـەیـەکێک لەشـــەڕەکانـــدا ئەوانـــەی لـــەنوێوە چووبوونـــە ریـــزی بەکرێگیراوەکان دەکوژران.

دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین، زۆرێک لەوانەی خۆیان بەهاوزمانی ئێمە نەدەزانی، یان بەشێکی کەم لەهاوزمانەکانمان لەگەڵ ئەمنە عەرەبەکان پەیوەندییان دەبەست، ئەم پەیوەندییە گەیشتبووە ئاستی ژن و ژنخوازی، زۆر بەشانازییەوە باسیان لەوە دەکرد، کە زاواکەیان ئەمنێکی عەرەبە و لەهەموو شوێنێک دەستی دەڕوا.

لەو سەردەمە تاریکە کار لەشەقامە بازنەییەکان بەدەست نەدەکەوت، بۆیە بەشێکی زۆری خەڵکە پیشەوەرەکە دەچوونە شارە عەرەبییەکان و لەبازنەی یەکەمی ئەو شارانە نیشتەجێ دەبوون، لەوێدا دەستیان بەکار دەکرد، زۆر بەکەمی دەگەڕانەوە نێو بازنەکانی خۆیان ترسیان لەهەموو شتێک بوو، نەوەک قین لەدڵێک کاتێک لەیەکێک لەشەقامە بازنەییەکان چاویان پێبکەوێ تۆمەتێکیان بۆ رێکخات. کێشەکان لەنێو ئەو شەقامانە رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبوو، کەس بەهانای کەسەوە نەدەهات، یان ترسیان لەوە بوو هاوکاری هاوڕێیەکیان بکەن، نەوەک تۆمەتێکیان بخەنە پاڵ، لەلایەکی دیکەوە بەشێک لەوانەی بۆ گەشتیاری دەهاتنە شەقامە بازنەییەکان، کاتێک سەیری چاوانیانت دەکرد، هەستدەکرد ئەوانیش لەزوڵمێک هەڵاتوون، بەڵام دەیانەوێ بەو گەشتە خۆیان لەبیر بکەن، هەموو

شتێکی نالەباریان دەکرد، سەرنجی ئەولاو ئەولایان بۆ خۆیان رادەکێشا، خۆیان بەبەختەوەر دەزانی کاتێک متمانەیان بەیەکێک بوایە دڵ و دەروونی خۆیان دەکردەوە، کەسانی نێو شەقامە بازنەییەکانیش تەنیا گوێیان رادەگرت، نەوەک ئەمە فێڵێک بێ تا دڵ و دروونی خۆیان بکەنەوە، بۆیە تەنیا گوێیان دەگرت، زۆرجار چایخانەکان تەنیا کەسانی گەشتیاری تیادا بوو، بەزمانێک قسەیان دەکرد، بێزاری پێوە دیار بوو، بەڵام ئەوانیش نەیاندەتوانی بەتەواوی هەرچی لەدەڵیاندایە بیدرکێنن.

تەنیا دەیانگوت شەقامە بازنەییەکانتان بەشێوەیەک رازاوەیە دڵ و دەروونی هەمووان دەکاتەوە، ئەمە بەهەشتێکە تیایدان، ئێوە تەنیا کەمێک کەلە رەقن دەنا دەتانتوانی خۆشترین ژیان بەسەر ببەن و تەلارەکانتان وەک خۆتان بەرز بێ.

گەڕەکە دوورەکانی دوا بازنە، زۆربەیان کریستیانی بوون لەرووی هەوادارییەوە زۆربەیان سەر بە بازنەی رژێم بوون، ئەوانیش ترسێکی گەورەیان لەرژێم هەبوو، کەچی بەهۆی کەسانێک کە دامەزرێنەری دەستەی رژێم بوون و خۆیان کردبووە بەشێک لەرژێم، ئەوان لەترسی کەسانی خراپ و دەمارگیر خۆیان بەرژێمەوە هەڵواسیبوو، نەوەک لەم

ژمارەیە کەمتر ببن و بۆ جارێکی دیکە ئەو بەشەی ماوە روو لەهەندەران بکەن، زۆر بەکەمی پێوەیان دیار بوو زوڵم لەخەڵک بکەن، بەشێکیان پێیان شورەیی بوو ئازاری کەسانی نێو شەقامە بازنەییەکانیان بدەن، هەردەم دەیانگوت "دونیا شەو و رۆژێک نییە"، ئێمە سەردەمانێک ئیمپراتۆریەتمان لەسەر ئەو خاکە هەبوو، بەڵام دەبینی ئێستا ئێمە تەنیا کەمینەیەکین، بۆیە زوڵم و زۆری تەنیا تاوانێکە و لەئەستووریدا دەپسێ، کەچی بەشێک لەوانە لە بارگای رژێمەکەیان لەنێو شەقامە بازنەییەکان پەرت و بڵاوببوون تا خۆیان لەهەموو پەرتەوازەیەک و دووبارە شکانەوە بەدوور بگرن، چەند تاکێکی ئەو گەڕەکە دوورە کریستانیانە بوو بوون بەبەشێک لەشاخ و خۆیان لە شەقامە بازنەییەکان جیا نەدەکردەوە، مێژوو شایەدە هەندێکیان گیانیان بەختکرد بۆ ئامانجێک کە باوەڕیان پێی هەبوو، خەڵکی گەرەکە دوورەکانیش، کە لەدوا بازنەدا بوون، ترس و دڵەڕاوکێ گیانی ئەوانیشی داگیر کردبوو.

سەرەڕایی هەموو ئەو ناخۆشی و ئەشکەنجە و ئازارە ژیان بەردەوام بوو، هەندێکجار شەقامە بازنەییەکان لەکەلاوە دەچوو، هەندێکجاریش گەشاوە دەبوو، بەڵام هەردەم ترس لەسەر هەموو شتێکدا زاڵ بوو، زاڵبوونێک هەموو شتێکت لێ بوو بووە سیخوڕ،

ترست لەوە بوو لەنێوان دەرزەکانیماڵەکەتدا قسە و وتەکانت بپەڕێتەوە و تۆمەتێکت بۆ هەڵبەستن، هیچ دایک و باوکێک قسەی تەواوی دەروونی بۆ منداڵ و نەوەکانی نەدەدرکاند، نەوەک لەکۆڵان بیگرێتەوە و قوڕ بەسەر خۆیدا بکات.

ئیتر بەو شێوەیە چیرۆکی شەقامە بازنەییەکان بەردەوام بوو، هیچ ئاسۆیەک نەدەبینرا، خەڵکەکە راهاتبوو تا خۆیان لەگەڵ دۆخەکە بگونجێنن.

کێشەی سەرەکی خەڵکی ئەو بازنانە خودی خۆیان بوون، واتە ترسیان لەهەموو شتێک بوو، زۆر جار لەناکاوێکدا بەهەواڵێک دڵیان دادەخورپا، یان ئەوەتا یەکێک لەسەربازەکانی ئەو بازنەیە لەبەرەکانی جەنگ تەرمەکەیان بەئۆتۆمبیلێکی تەکسی یان سووپا دەهێنایەوە، هەروا شەوانە شاخ دادەبەزییە نێو شار، ئەمە مایەی دڵ خۆشی شەقامە بازنەییەکان بوو، بەڵام کاتێک رۆژ دەبووەوە، هیچ ترووسکەیەکی رووناکی نەدەبیندرا، هەرچی جاش و ئەمن و مەفرزە خاسەکان هەبوون ناو شاریان دەتەنی بە ئاماژەی سیخوڕەکانیان، شۆفەڵەکان خانوویەکیان دەڕووخاند، بەو بیانووەی لەشەودا پێشوازییان لەشاخ و چیاییەکان کردووە، دیمەنێک تا ئەو پەڕی جەرگبڕ بوو.

## (6)

بازنەی هاوڕێیەتی لەشەقامە بازنەییەکان توندوتۆڵە، مەرجیش نییە ئەم توندوتۆڵییە بەردەوام بێ، ئەمەش دەکەوێتە سەر هەڵسوکەوتی بەرامبەرەکان، لەکاتێکدا زۆربەی خەڵکی بازنەکان یەکتری باش دەناسن، ناسینێکی دوور و نزیک کە بەشێکیان هەر لەدێرینەوە خانەوادەکانیان یەکتر دەناسن، بەشێوەیەک لەناخۆشی و خۆشییەکاندا لە شەڕ و ئاشتیدا هەموو سەروکاریان لەگەڵ یەکتردا بووە، لەلایەکی دیکەوە هەموو خەڵکی شەقامە بازنەییەکان زۆر بەئاسانی لەگەڵ خەڵکی دەرەوەی بازنەکانی دیکە دەبنە ناسیاری یەکتری، لەپرسە و ئاهەنگەکاندا کاتێک یەکتر دەبینن وەک هاوڕێ و ناسیار مامەڵە لەگەڵ یەکتردا دەکەن، تا وای لێدێ متمانە بەیەکتر دەکەن و نهێنییان لەلای یەکتر دەدرکێنن، نهێنییەکانی شەقامە بازنەییەکان زیاتر لەرووی کار و بازرگانییەوەیە، لەدێر زەمانەوە چەند خانەوادەیەک دەستیان بەسەردا گرتووە، بەڵام کاتێک

دوو هــاوڕێ لەمنــداڵییەوە یەکتــر دەناســن، بــابەتەکە دەگۆڕێ، دیارە هاوڕێیەتی لەهەموو رووەکانەوە زۆر هەڵدەگرێ تا چیرۆکی هاوڕێیەتییەکان بگێڕینەوە.

فەرهــاد هــاوڕێی منــداڵیمە پــێکەوە چــووین بــۆ قوتابخانە، لەگەڵ ئەوەی چەند ساڵێک لەمن گەورەترە، بەڵام لەتەســـکەرەی نفووســـەکەی هەمـــان ســـاڵی لەدایکبوونی من نووسراوە، بەشێکی زۆری قۆناغەکانی خوێنــدنمان بەیەکەوە تەواو کــرد، ئەوەی ســەیرە ئەو ساڵەی مــن دەرنەچووبــام، ئەویــش بەهەمــان شــێوە دەرنەدەچوو، لەوەوە پێدەچوو ئاستی تێگەیشتنیشمان هەر لەیەک بچێــت، یــاریی تــۆپی پــێ و هەمـــوو یارییەکانمـان لەبـازنەی سـێیەمدا بـوو، بەڵام باوکمـان لەبازنەی یەکەمدا کاری دەکرد، کاتێک باوکمان ئێمەی دەبــردە بــازنەی یەکەم دڵمــان زۆر خــۆش دەبــوو، منــداڵانی بــازنەی یەکەم زۆڕ جــار بەڕقەوە ســەیری ئێمەیان دەکرد، بەڵام هەندێکی دیکە هەستیان دەکرد ئێمە دەبین بەهاوڕێیان، بۆیە پێیان دەگوتین خۆتان لەهەندێک منداڵی بازنەی یەکەم بەدوور بگرن.

کاتێــک دەچــووینە قوتابخــانە هەردەم ئەو کتێــبە قورسانەی لامـان بـارگرانی بـوو، لەقۆنـاغی ئامادەیـدا پێمــانوابوو، ئەگەر خوێنــدن تەواو بکەیــن وەک ئەوەیە گەورەترین بـارگرانی ژیانمـان لەکۆڵ ببێتەوە، کێشـەی

ئێمە خوێندنەکە نەبوو، بەڵکو قورسی کتێبەکان بوو، رۆژانە پێنج کتێبمان دەبردە قوتابخانە، سەردەمی ئێمە جانتایەکی واش نەبوو، تا وەک کۆڵەپشت هەڵیگرین، بەڵکو بەلاستیک دەمانبەستایەوە، هەرچۆنێک بێ چەند ساڵێکی دیکە لەقۆناغەکانی خوێندن بەیەکەوە بووین، لە ساڵی خوێندنی نوێ، لە یەکەم رۆژدا چوومە ماڵی فەرهاد، کە چەند مەترێک لەماڵی ئێمەوە لەولاتر بوو، کاتێک پرسیاری فەرهادم کرد، دایکی گوتی: چیتر فەرهاد ناخوێنێ، باوکی لەبازاڕ دوکانێکی بۆ گرتووە، لەوێ کار دەکات، بەڵام تۆ وەک ئەو مەبە، دەتوانی درێژە بەخۆێندن بدەی.

-چۆن واتە لەمەودوا بەتەنیا بچمە قوتابخانە، فەرهاد لەگەڵم نایەت، ئێوە بۆ واتان کرد، خۆ چوونە قوتابخانە رێگە لەهیچ ناگرێ.

-بەڵێ بەتەنیا دەچی، ئەگەر تۆش کارێکت دۆزیەوە، دەتوانی واز لەقوتابخانە بێنیت، کوڕم مەکتەب، خزمەت بەکەس ناکات، بڕۆ بۆ خۆت پیشەیەک فێربە.

کاتێک لەوێ رۆیشتم وامزانی دونیا بەسەرمدا رووخاوە، هەرچی یاد و یادگاری هەبوو، هەموو بەمێشکمدا گوزەری دەکرد.

ئەو کـاتەی هەرزەکـار بـووین، دەچـووینە کـۆڕ و سـمینار، فەرهـاد زۆر حەزی بەکـۆڕ و سـمینارەکان نەدەهـات و هەمیشـە دەیگـوت: لەو قسـە گەورانە هـیچ شین نابێ، سەیری رووخساری بکە، پێدەچێ نەخۆشـی کەم خـوێنێ هەبـێ، لەجیـاتی ئەو قسـانە بـابچێ چارەسـەرێک لەخـۆی بکـات و ئەو قسـە زلانە فلسـێک ناکات.

کەچـی کاتێک مـن و فەرهـاد دەچـووینە ئاهەنـگ و کۆنسـێرتێک، دەیگـوت: باشـە لەو هەمـوو چەنجـاڵییەی رۆژانە تووشـی دەبـین دەتـوانین کەمێـک مێشـکمان بحەسـێتەوە. (ئەو کـات تەمەنمـان بـۆ شـانزدە حەڤـدە ساڵان دەبوو) لەبیرمە گۆرانیبێژێکی ناوداری عەرەب هـاتبووە یەکێک لەهۆڵەکـانی ئەودیـوو بـازنەی سـێیەم، لەقاتی سەرەوەی هۆڵی جەماوەردا جێگەمان بۆوە، مـن گۆڤـاری ئەلـف بام لەلا بوو، ئەو گـۆرانیبێژە عەرەبە وا قسەی دەکرد وەک ئەوەی لەشارێکی عەرەب نشین بێ، منیش لەو قسـانە وەڕسبووم، دەمویسـت کارێک بکەم ئـاهەنگەکە بشـێوێنم، بـۆیە دەسـتم کـرد بەدڕانـدنی گۆڤارەکە و هەموو لاپەڕەکانم دڕاند، بەشێوەیەک چەند لاپەڕەیەکم دەکرد بەتۆپەڵەیەک لەسـەرەوە فڕێم دەدایە خـوارەوە، هەمـوو ئەوانەی رقیـان لەو گـۆرانبێژە هەڵسـابوو لەرێکخسـتنی تـۆپەڵە کـاغەز هاوکارییـان

دەکـردم و هەریەکەو لاپەڕەیەکـی لـوول دادا و فڕێـی دەدا تاوەکو لەناوەندی شانۆکە بکەوێتە خوارەوە.

تەنیـا فەرهـاد نەبـێ گـوتی: ئەوە چـی دەکەی، خەریکە ئاهەنگەکە لەهەمووان تێک دەدەی.

ئەو راسـتی کـرد، ئێسـتاش ئەو گـۆرانبێژە عەرەبە کاتێک چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکەن و لێی دەپرسـن: لەچ ئاهەنگێک پەشیمانی.

گۆرانیبێژە عەرەبەکە: کاتێک لەشەقامە بازنەییەکان ئـاهەنگم سـاز دەکرد، ناخۆشـترین رۆژ بـوو لەژیانمـدا، دواتـر هەسـتم دەکـرد، جەمـاوەرەکە حەز بەوە دەکەن، گوێیان لەگۆرانی بێ، بەڵام بەزمانی خۆیان، بۆیە چەند کەسـانێک لەجەمـاوەرەکە لەو نێوەنـدە کێشـەیان هێنـا ئارا، منیان سەخڵەت کرد، بەچەند کردەوەیەک کۆتاییان بەئاهەنگەکە هێنا.

لەهەمـوو بازنەکـان کەسـانێک هەن حەزیـان لە هونەر و ئەدەب و زانست دەکرد، زۆربەی ئەوانەی ئەو خولیایەیان هەبوو ئێستا لەنێوەندی هەمـوو ئەم دەڤەرە بەخولیایەکانیـان نـاودارن، کەسـانیکن لەبازنەکـان بوونەتە سەرچاوەی ئەدەب و هونەر.

بـا لەچیرۆکـی هـاوڕێیەتی دوور نەکەوینەوە، مەرج نییە هەمـوو هـاوڕێیەتییەک سـەرکەوتوو بێ و هەردەم بـبن بەپشـت و پەنـای یەکتـر، کاتێـک گوێبیسـتی ئەوە

دەبووین، دوو هاوڕێ لەسەر چەند بابەتێک کێشەیان کەوتۆتە نێوانیان، یەکێکیان دەمانچەی لەسەر سەری هاوڕێیەکەی داناوە و کوشتوویەتی.

–چۆن؟

–یەکێکیان پەیوەندی لەگەڵ کچێکدا هەبووە، کاتێک زانیوویەتی هاوڕێیەکی چۆتە داخوازی و کچە و دایک و باوکی رازی بوونە، ئەو هاوڕێیەی پەیوەندی لەگەڵ کچەدا هەبووە، لەگەڵ هاوڕێیەکەی رێککەوتووە، تا لەدەرەوەی بازنەکان مەی بخۆنەوە، دوای مەستبوون، کوڕە ئەویندارەکە چەند گولەیەک بەسەر هاوڕێیەکەوە دەنێ و دەیکوژێ.

–دواتر کارەکە کەوتە دادگا، کوڕە ئەویندارەکە لەزیندان حوکمی بیست ساڵەی بەسەردا سەپێندراوە.

ـ –ئەی کچەکە چی بەسەر داهات؟

ــ–کچە شووی بەکوڕێکی دیکەی هاوڕێی کرد .ئێستا کوڕە ئەوێندارە لەزیندانە و کچەش دوو کوڕ و کچێکی هەیە.

کێشەکان لەشەقامە بازنەییەکان ئەوەندە زۆرن، لەژمارە نایەن، کاتێک بەشەقامێک دادەڕۆی بێ ئەوەی پرس بکەی، لەچاوانی رێبوارەکان خەمێکی گەورە دەبینی، ئەم بینینە تەنیا لەچاوانی بەتەمەنەکان نییە،

بەڵکـــو لە چـــاوانی هەرزەکـــار و گەنجەکـــانیش داهاتوویەکی نادیار دەبینی.

ـ-کێشەت چییە؟

ـ-رۆژنامەی شەقامە بازنەییەکان بەرۆژی نیوەڕۆ، راســتییەکان چەواشــە دەکەن، کەس کــاغەزی کەس ناخوێنێتەوە.

ـ -ئەها مەبەستتە، تەنیا دەیانەوێ قسەی گەورە بکەن و تۆش بەرامبەریان بڵێیت: تۆ راستی و هەر تەنیا تۆ، کەچی تۆ دەزانی راستییەکان چییە، هەست بەکرۆکی هەموو بابەتەکان دەکەی .

ـ -تا ئێستا لێت تێنەگەیشتووم، دەتەوێ چی بڵێیت؟

-تۆش ناتەوێ تێبگەیت، تۆ یەکێکی لەنێو شەقامە بازنەییەکانت، باپیرانیشت هەر لێرە بوونە. چۆن نازانی کێشەی ئێمەی گەنج چییە، یان دەتەوێ وەک ئەوانی دیکە باس لەشاکارەکانی دەسەڵات بکەم.

باوکم زۆر جاران بۆی گێڕاومەتەوە، کە شەقامە بازنەییەکـان هەر لەدروســتبوونییەوە تــا ئێســتا هەر وابووە.

ـ-کوڕم بۆ کەس خۆت خەتابار مەکە، گۆڕانکاری زەحمەتە، مەگەر دەسەڵاتێکی دیکە بێ سەر لەنوێوە هەموو شتەکان بەرەواژ بکاتەوە، دەزانم ئەو دەسەڵاتە

سەرەتا بەهێز حوکم دەکا، بۆ ماوەیەکیش دەیەوێ خۆی شیرین بکات، بەڵام لەژێرەوە هەرجی شیرینی ئەم شەقامە بازنەییانە هەیە دەیخۆن و دەیکەن بەمەزەی مەی خواردنەوەکانیان، کێشەکە لەوەدایە ئەگەر قسان نەکەی دڵ و دەروونت کرمی دەبێ، قسانیش دەکەی زیاتر خەفەتی پێدەخۆی، کەسانی ماستاوچیش نان و ماست بەقسەکانت دەخۆن.

-بازنەی یەکەم مێژووەکەی بۆ چەند هەزار ساڵێک دەگەڕێتەوە، دەیان شەڕ و شۆڕ بۆ داگیرکردنی بازنەی یەکەم بەرپاکراوە، هیچ کاتێک بازنەی یەکەم خۆی رادەست نەکردووە و چارەنووسی هەردەم بەدەست خۆی بووە.

ـ-دەتەوێ بڵێی ئێستا داگیرکراوین و داهاتوومان دیار نییە و چاوەڕوانی چارەنووسی خۆمان دەکەین.

لەم دوایەدا فەرهادی هاوڕێم دیتەوە، ماوەیەکی باش لەگەڵ یەکتردا دانیشتین، ئەو هەردەم باسی لەوە دەکرد و دەیگوت: تۆ زۆر دەست لەکونان وەردەدەیی، باوەڕ بکە هیچ سوودی نییە، بۆ خۆت هەر دەبێ لەو شەقامە بازنەییانە بیخولێنیەوە، ئەو گۆڕانکارییانەی تۆ و دەیان کەسی دیکە باسی لێوە دەکەن، مەترێک بڕ ناکات، بۆ خۆت هەر بڵێ.

وەک لەپێشتردا باسم کرد، فەرهاد چەند ساڵێک لەمن گەورەتر بوو، ئەو عەقڵی بەسەر زۆر شتدا دەشکا، هەمیشە دەیگوت: خۆتان سەخڵەت مەکەن، کار و کاسبی خۆتان بکەن و نوێژ و رۆژووی خۆتان بگرن، قەت خۆتان تووشی کێشەی لابەلا مەکەن، چونکە بەهیچ کام لەئێوە ئەو دۆخە ناگۆڕێ.

چەندین خاڵ و بابەتم دەخستە پێش فەرهاد، بەڵام ئەو هیچ کات لەگەڵ بۆچوونەکانم نەبوو.

فەرهاد: ئێمە لەبیست ساڵییەوە ئەو قسانەمان دەکرد، ئێستا تەمەنمان لەپەنجا تێپەڕیووە و هەر هەمان قسە دەکەینەوە، وەک شەقامە بازنەییەکان تەنیا لەدەوری خۆمان دەخولێینەوە، ئەگەر یەک خاڵ بەرەو پێش چووبێ ئەوا هەقتە ئەو قسانە بکەی.

لەکاتی نووسینی ئەم چیرۆکە ئێستا لەخوارەوەی بازنەی یەکەمدام، پێشتر خانووەکان یان تەلارەکانی سەردەمی زوو دەیڕوانییە دەشتاییەکان، کەچی ئێستا دەڕوانیتە چەند شووقەیەکی پەرش و بڵاوی کاولبوو، ئەوەندە پیس و پۆخڵە تەنیا گەشتیارە عەرەبەکانی باشوور پێی رازی دەبن، بۆ چەند شەوێک لەبەرامبەر پارەیەکی کەم تیایدا دەخەون. کەچی تەنیا حەفتا ساڵ پێش ئێستا جووەکان ئەو شوێنەیان کردبووە خۆشترین بازاڕی ئەو کات، پەرستگەکانیان لەو دەورە

بـوو، تـا ئەم دوایـیـەش ئەسـتێرەی داوود لەسـەرەوەی خانووەکان لەگۆشـەیەکدا نەخشـێندرا بـوون، بەم دواییە کەسانێکی دەمارگیر بۆ سڕینەوەی ئەو مێژووە، هەموو نەخشـــەکانی ئەســـتێرەی داوودیـــان شـــێواند، بەڵام لەوەتەی ئەوان ڕۆیشـتوون، ئەم شـوێنە بـۆ مـاوەیەک لەلایەن کەسـانێکەوە داگیـر کرابـوو، وەک ئەوەی وەک میرات بۆ ئەوان مابێتەوە، ئێستا ئەم خانووانە هەمـووی چـۆڵە و کەسـی تیـادا نیـیە، بەو بیـانووەی شـوێنەواری بازنەی یەکەمە، کەچی ماوە نا نامـاوە چەند خـانوویەک دەڕووخێندرێ و دەکرێتە گەراجی ئۆتۆمبێل.

وەک باسی لێوە دەکەن جووەکانی بازنەی یەکەم بـۆ مـاوەی هەزران سـاڵ لەبـازنەی یەکەمـی خـوارەوە ژیاون، راستە ژمارەیان زۆر نەبووە، بەڵام توانیبوویـان جێ پەنجەی خۆیان لەهەموو کارێک جێبهێڵن.

زۆرێـک لەوانەی لەبـازنەی یەکەمـدا ژیـاون ئێسـتا تەمەنیـان نەوەد سـاڵ دەبـێ، کەمێکیـان بیریـان مـاوە سەبارەت بەهـاوڕییەتی نێوان مووسڵمان جووەکان کە چۆن هەڵسوکەوتیان کردووە، ، مام سلێمان، کە تەمەن نەوەد سـاڵە بـاس لەوە دەکـات جووەکـان حەزیـان بەهـــاوڕێیەتی هەبـــووە، هەردەم دڵکـــراوە و کەســـانی میوانـدار بـوونە، کەچـی مووسـڵمانەکان زۆر بەکەمـی

هاوڕێیەتیان لەگەڵ جووەکاندا کردووە بەو بیانووەی غەیرە دینن.

زۆر جار لەگەڵ فەرهاد باسمان لەمەرگ و ژیان دەکرد، هیچ کات لەمردن نەدەترساین، پێمانوابوو ژیان دەرفەتێکە تا بتوانین خزمەت بەکەسە نزیک و دوورەکان بکەین، هەمیشە مشتومڕمان بوو لەسەر ئەوەی چۆن جێ پەنجەی خۆمان جێبهێلین، ئینجا بەکار و کردەوە و نووسین و داهێنان، یان هەر پیشەییەک بێ، سەر لەبەری مێژووی ئەو ناوچەیەمان دەخستە بەر باسەکانمان.

ماوەیەکی دوور و درێژ بوو فەرهادم نەبینی بوو، لەگەڵ ئەوەی لەبۆنە و یاد و جەژنەکاندا سەردانی یەکترمان دەکرد، چەند ڕۆژێک پێش جەژن ویستم سەردانی فەرهاد بکەم، دوای ئەوەی لەدەوام هاتمەوە، برایەکم تەلەفۆنی بۆ کردم، زۆر بەپەشۆکاوی گوتی: فەرهاد جەڵتە لێداوە و نەگەیشتۆتە نەخۆشخانە و کۆچی دوایی کردووە.

کاتێک ئەو هەواڵەم بیست بۆ چەند خولەکێک بێدەنگ بووم، قوڕگم پڕ گریان بوو، نەمدەزانی چی بڵێم.

ئێستا هاوڕێی منداڵیم چۆتە دونیایەکی دیکە، ناوێرم سەردانی ماڵەوەیان بکەم نەوەک دایک و باوکی دووبارە دەست بەگریان بکەنەوە.

ئیتر فەرهاد لەنێوەندی هەموو نووسین و چیرۆک و وتارەکانم رەنگدەداتەوە، ئەگەر رستەیەک هی خۆم نەبێ، ئەوا بێگومان فەرهاد خاوەنییەتی.

هەردەم یاری و رۆژانی قوتابخانەم دێتەوە یاد، فەرهاد یەکێک بوو لەو هاوڕێیانەم لەشەقامە بازنەییەکان دووبارە نابێتەوە.

## (7)

هەمــوو هەنگــاوێکی نێــو شــەقامە بازنەییەکــان چیرۆکێکــی نــوێ و دێرینــی هەیە، چیــرۆکە نوێیەکــان لەنێوەندی هەمـوو خۆشـی و ناخۆشـییەکانەوەیە، ئەگەر کەسـێکی راسـتگۆ بیـت ئەوا بەئاشـکرا ناخۆشـییەکان دەبینــی، لەنێوەنــدی شــەقامە بازنەییەکانــدا هەمــوو رەچەڵەکـە بیانییـەکان کارێکیـان هەیە، تـا وایلێهـاتووە بەشــێک لەو رەچەڵەکە بیانیــانە کاریــان بەدەســتە و لەزۆرێـک لەبەرپرسـان زیـاتر دەسـتیان دەڕوا، بۆیـە بەلالووتەوە سـەیرت دەکات وەک ئـەوەی تـۆ بـارگرانی بیت لەسـەر ئـەو، کـاتێکیش تووشـی گرفت دەبێ هـەزار پاڕانــەوە و تکــا دەکــات، نــەوەک پاســەپۆرتەکەی لــێ وەربگرن و یەکسـەر رەوانـەی فرۆکەخانـەی بکـەن، ئـەو کاتــە ســەر و لمــوزی ئەوانــە دەبینــی، کاتێــک دەتەوێ بچیـــتە کۆمپانیــــایەک، لــــەوێ ئەو بیـــانییە ســــەیری سیڤییەکەت دەکات و بەزمـانی خـۆی دەدوێ بـۆ زمـانی تۆش کەسـێکیان داناوە، ئـەو بیانییـە وا تێدەگات ئەگەر ئەو لەوێ نەبێ کارەکان ناڕوات، هەقی خۆیـەتی چونکە پــارەیــەکی زۆر وەردەگــرێ، خۆشــییەکان لێــرە وەک

هەموو شوێنێک ڕێژەییە، خۆشییەکان لەوەدایە زۆرێک لەوانەی دەرەوەی وڵاتیان بینیووە و تیایدا ژیاون باس لەوە دەکەن لەهیچ شوێنێکی دنیادا نییە هەردەم بتوانی لەتەک هاوڕێ و خزم و کەسی خۆت بیت، بەشێکیش لەخەڵکی شەقامە بازنەییەکان لەهەموو شتێکدا دەستیان دەڕوا و تەخشان و پەخشان بەپارە و سەرمایە دەکەن و هیچ کات دەوروبەری خۆیانیان لەبیر نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو ڕەچەڵەک بیانیانە دەستیان تێکەڵکردووە، ئەو دەست تێکەڵکردنە زۆرجار دەبێتە مایەی ناخۆشی بۆ بەشێک لەخەڵکی شەقامە بازنەییەکان.

ئەوانە بەمشێوەیە هەڵسوکەوت دەکەن ، کە پێی لەسەر پێدا دادەنێت و دەڵێت: تۆ پسپۆڕییەکەت بەکەڵک ئەم کۆمپانیایە نایەت، ئێوە بڕۆن کاری دیکە بکەن، دوورمان بخەنەوە لەشەڕ و شۆڕتان.

-باشە دیارە تۆ پسپۆڕیەکەت باڵایە، ئەگەر ئەو دەوڵەمەندییە نەبێت تۆش وەک من ئێستا بەدوای کاردا دەگەڕای، خۆت لەبیر مەکە بەڕێز هەمووان یەکتر دەناسین و کەس لەنێوەندی شەقامە بازنەییەکاندا ون نابێ، تۆش ئەگەر دەسەڵات پشت و پەنات نەبێ، دەبوایە وەک پێشتر لەشەقامەکان بخولێیتەوە، تۆ دەزانی چی دەڵێم، کەسی عاقڵ تەنیا ئاماژەیەکی بەسە،

ئێستا تۆ تێگەیشتی بەڵام خۆت لێگۆڕاوە و وادەزانی ڕۆژێک بەهۆش خۆت نایەوە، کە ئەوکات خۆت لەنێوەندی ڕۆژێکی ڕەشدا دەبینی (بەپێکەنینەوە) ئەو کات با ئەو بیانیانە بگەنە فریات.

–ئەوە باسی چی دەکەی، من خەڵکی شەقامە بازنەییەکان نیم، بەرێککەوت بار و بارگەمان لێرە دانا، دوایش کارمان کرد و بووین بەخاوەن ئەو سامانە، لەتۆمان نەدزیووە.

سەرچاوە مێژووییەکان زیاتر باس لەبازنەی یەکەم دەکەن، لەو کاتەی ئیمپراتۆرە گەورەکان ویستوویانە بەسووپا مەزنەکانییەوە، بازنەی یەکەم داگیر بکەن، تەقەی بن پێی سەربازەکان بەهەمان شێوەی بەربەرییەکان برە برِی دەهات، ئەو سەربازانەی خەڵکی بازنەی شارەکانی خۆیان بوون، ترسیان لەهەموو هەنگاوێک بوو، چونکە دەیانزانی بازنەکان چ بەرگرییەک دەکەن و هەردەم دوژمن بەسەر شۆڕی دەگەڕایەوە، چەندینجار بازنەی یەکەم داگیر کراوە بۆ چەندین سەدە لەژێر رکێفی داگیرکاریدا بووە، تا ئەو کاتە لەژێر داگیرکاریدا بوو، کە خودی ئیمپراتۆر لەنێو خانەوادەکەی خۆیدا کودەتایان بەسەردا کردووە، تا هەواڵ گەیشتۆتە بازنەی یەکەم سووپا و دەستە و تاقمی ئیمپراتۆر رایانکردووە،

هەندێک لەو دەستەوتاقمە دواتر وەک کەسێکی خەڵکی بازنەکان لەوێدا ماوەتەوە، بۆتە بەشێک لە دار و بەرد و کەرپووج و کۆڵەگەی بازنەی یەکەم، لەسەردەمی دواتردا ئەو خانەوادانە بوونەتە خەڵکی رەسەنی ئەم ناوچەیە، بەڵام لەدوای نەمانی نەوەی یەکەم، نەوەی دووەم هاتوونەتە خوارەوە، بەدوای ژیانی خۆیان کەوتوون، بەشێک لەنەوەی دووەم جێ پەنجەیان دیار بووە، لەپێشخستنی بازنەکان، هەروەها لەشۆڕش و یاخیبووەکاندا رۆڵیان هەبووە و گیانیان فیدا کردووە، لەلایەکی دیکەوە بەشێک لەبازاڕ و دووکانەکانی خوارەوەی بازنەی یەکەم موڵکی ئەوانە.

–ئێستا تۆ مێژوو دەگێڕیتەوە، یان ئەمە چیرۆکە؟

–نامەوێ خوێنەر پەرتەوازە بکەم، سەرەتا دەمەوێ مێژووی بازنەکان شارەزا بن و کون و کەلەبەری مێژوو و جوگرافیای ئەو شەقامە بازنەییانە بزانن.

لەبەرامبەر ئەمەدا خانەوادە ئاشوورییەکان لەزۆرێک لەسەرچاوەکانیان دەڵێن: ئەم خاکە موڵکی ئێمەیە بەهەموو بازنەکانیەوە.

ـ هەروەها دەڵێن:–ئێمە بازنەی یەکەممان بنیاتناوە، بۆ چەندین سەدە ئێمپراتوریمان لێرەدا چەقاندووە و کردوومانەتە پایتەختی هەموو زەوی.

-هەر چوار خواوەندەکەی بازنەی یەکەم شایەدن، ئێوە تەنیا لەکاتی شکستدا راتان کردووە، هاتوون لێرەدا نیشتەجێ بوونە، ئێستاش ئێوە، ئێمە بەنامۆ دەزانن.

کامران تەمەنی شەست و پێنج ساڵە چەند ساڵێکە خانەنشین بووە، ئەو کریستیانییە و هەموو کات دەڵێت: لەو ماوەی مامۆستا بووم، تا ئەو کاتەی خانەنشین بووم، زۆرێک لەنەوەکانی ئەم بازانەم پێگەیاند، هیچ کاتێک داوای پاداشتم نەکردووە، من تەنیا ئەرکی خۆم بەجێگەیاندووە، بەڵام زۆر تورە دەبم، کاتێک یەکێک دەبینم لەرۆژنامە و گۆڤارەکاندا باس لەهاوسەردەمی من دەکات، زۆربەی باسەکەی درۆیە، کەچی خۆشی دەکاتە پاڵەوان، وەک ئەوەی تەنیا ئەو لەشەقامە بازنەییەکاندا بێ.

ـ ئەو قسانەم پێ ناخۆشە، کاتێک بەئارەزووی خۆی باس لە کەسایەتی و خانەوادەکان دەکات.

ـ واتە خۆی لەو سەردەمەدا وەک شەقاوە نیشانداوە، کەچی لەکاتە ترسناکەکان ترسنۆکترین کەس بووە.

ـ ناشکرێ قسەکانی ئەم و ئەو راست بکەینەوە. – بەو واتایەی بەشێک لەوانەی خۆیان بەئەسڵ زادە و نەجیبزادەی ئەم بازنانە دەزانن، لەبنەڕەتدا درۆ دەکەن.

–درۆ کردنێک، بەڵام جوانیان رازندۆتەوە، ئەوان خەڵکی دەکەن بە(چاو)ی ئەو بازنانە، کەچی لەبنەڕەتدا مەبەستیان لەخۆیانە، کە چاوی بازنەی یەکەم و بازنەکانی دیکەن، لەنزیکەوە هەندێک لە خانەوادە تێکۆشەرەکان دەناسن، بۆیە بەشێوەیەک خۆیان لکاندووە بەوانەوە، وەک ئەوەی بێ ئەوان هیچیان پێ نەکراوە.

– ئەوەشیان لەبیرچووە، کە خانەوادە تێکۆشەرەکان، لەترسی ئەو بێ چاو و ڕووانە، جێیان پێ جێ نەبووە، چونکە ئەوان دەستەو تاقمی رژێمە یەک لەدوای یەکەکان بوون. لەو قسانە دابووین، لەنێو بازنەی یەکەم بوو بەهەرا، هەر یەک لەلای خۆیەوە هۆی های دەکرد، ئەم هۆی هایە لەهەموو بازنەکان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە.

دواتر زانیمان یەکێک لەقۆڵبڕەکانی شار دراوێکی ساختەی داوەتە یەکێک و دوای زانینی بۆی گەڕاندۆتەوە، ئەویش هەرچی سوێند هەیە دەیخوا و دەڵێ تۆ ئەو دراوەت لەلای من نەگۆڕیوەتەوە.

لەنێوەندی بازاڕی شەقامە بازنەییەکاندا رۆژانە دەیان کێشە و گرفت و مقۆ مقۆی سەیر و سەمەرە دێتەئاراوە و هەموو ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن و چەند کەسێک تاوانبار دەکەن، دەستیان لەگەڵ تاقمەکاندا

بەستووە و جێگەی خۆیان قایمکردووە و لەگەڵ چەندین کەسانی گەندەڵ و گەندە تێکەڵکردووە.

ـ ئەوە باسی چی دەکەی؟ من چیرۆکێکی سەیرم لەلایە.

– سەیر وەک چی؟ خۆ نوکتە ناگێڕیتەوە.

– با وەک نوکتە وایە، لە یەکێک لەدەزگە و کۆمپانیاکاندا بەڕێوەبەرێک ماوەیەکی زۆرە چەند کەسێکی لەنێو دەزگاکەیدا کردۆتە برادەر، یان راستر بڵێم دەستی لەگەڵ بەرپرسی ژمێریاری و دارایی تێکەڵکردووە، لەو رۆژانەدا کارەکانی دارایی رادەپەڕاند، کە دەوامی فەرمی نەبووە، رۆژی شەمووان هەرچی پەیوەندی بەپارە و داراییەوە هەبووە، لەو رۆژەدا رایپەڕاندووە، رێژەیەکی کەمی بۆ دەزگاکە داناوە ئەوی دیکەی هەمووی بۆ خۆی گلداوەتەوە، بێ ئەوەی کەس هەست بکات، تەنیاش بەرپرسی دارایی زانیوویەتی، دیارە رێژەیەکیش بۆ بەرپرسی دارایی بووە، کاتێک چووینە دەزگاکە بەڕێوەبەرەکەمان نامەیەکی جێهێشتووە، دوای سڵاو کردن، داوای گەردەن ئازایی لەهەمووان کردووە و لەدرێژەی نامەکەی نووسیوویەتی ئێستا لەئەڵمانیام و چەند رۆژێکی دیکە لەکەندام، بەهەمان شێوە بەرپرسی ژمێریاریش دیار نییە و تا ئێستا ئەو هیچ ناونیشانێکی نییە.

ـ –واتە چەند پارەی بردووە؟

ـ –زیاتر لە دوو ملیۆن دۆلار.

–ــ ئێستا زۆربەی کارمەندان هەر یەک لەلای خۆیەوە دەترسێ، بەتایبەتی ئەوانەی زۆر لەبەڕێوەبەر و بەرپرسی دارایی نزیک بوون.

بۆیە هەندێک لەوانە بوونەتە بارگرانی بەسەر کۆمەڵگەوە، لەلایەی دیکەوە زۆربەی تاکەکانی شەقامە بازنەییەکان لەرابردوودا تووشی کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چەکداری بوونەتەوە، بەشێک لەوانە بێ ئەوەی سەر بەهیچ لایەنێکی سیاسی بن لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، دەسگیرکران و چەند تۆمەتێکیان خستنە پاڵ.

هەندێک لەوانەی کەوتنە زیندان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەستدا و ماڵ و منداڵەکانیش ئاوارەی شاران بوون، ئێستا ئەوان گەورە بوونە، کاتێک بەشەقامە بازنەییەکان تێدەپەڕن یادی باوکیان دەکەنەوە و فرمێسک لەچاوانیان دێتە خوارەوە، کاتێک گوێیان لەوە دەبێ کەسانێک موڵک و ماڵی ئەو بازنانە لەختوخۆڕایی دەخوات، ئاهێک هەڵدەکێشن لەوەی باوکیان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستداوە، کەچی کەسانێک لاف و گەزاف بەئازادییەوە لێ دەدەن.

ئێستا ئێمە لەنێوەندێکدا دەژین، دەتوانین بڵێین لەزۆر لاوە تاریکی باڵی بەسەر ژیانمان داوە، بەڵام هیچ کاتێک خۆمان لەنێوەندی بێ ئومێدی نابینینەوە، بەرزی بڕوامان لەوپەڕی دایە، چونکە لەشان و شەوکەوتی خەڵکی شەقامە بازنەییەکان ناوەشێتەوە بەرامبەر بەکێشە و تاریکییەکان بچەمێنەوە.

ــ-راستە لەنێو بازنەکان کار کەمە، بەڵام لەدێر زەمانەوە خەڵکی شەقامە بازنەییەکان راهاتوون، کە بێکار بن، ئێمە بڕوامان بەخۆمان بەهێزە، لەکۆتایدا ئەو شەقامە بازنەییانە موڵکی ئێمەن، ئەمڕۆش کار نەبێ بۆ بەیانی هەر کار دەبێ.

ـ-دەڵێی دەستت بەدورشم گوتنەوە کرد؟

ـ-دروشمی چی ئەمە راستییە، ئەگەر دڵمان بەو قسانەش خۆش نەکەین، ئەی چی بڵێین، خۆ ئێمە بەشێک نین لەناخۆشی و کولەمەرگی کۆمەڵگەکەمان.

ـ-نا، بەڵام ناکرێ ئێمە دابنیشین و نزا بکەین.

ـ -کەس گوتویەتی ئێمە نزامان کردووە.

ــ -ئێمە خۆمان کێشەکەین، رێگەمان بەخەڵکی ئەولاو ئەولا داوە، بە ئارەزووی خۆیان لەنێو شەقامە بازنەییەکاندا تەڕاتێن بکەن.

هەموو کچ و کوڕانی شەقامە بازنەییەکان بەچاوێکی پڕ ئومێدەوە دەڕواننە داهاتوو، ئێواران

لەژێر بەرزی یەکەم بازنەدا بیان بینە هەموو بەپێکەنین و قسەی خۆش پێشوازی لەیەکتر دەکەن، دیارە هەردەم رێز لەوانەش دەگرن لەدەرەوەی شەقامە بازنەییەکان هاتوونە، هەموو کات ئەو کوڕ و کچانە باس لەو رۆژانە دەکەن، کە تەنیا خولیایان ئەوە بووە بۆ چەند ساتێک لەژێر سایە و سێبەری یەکەم بازنەدا پیاسە بکەن.

- ئەوەتا ئەو میوزیکژەنە دوای چەندین ساڵ لەئاوارەیی هاتۆتەوە نێو شەقامە بازنەییەکان، ببینە بەچ جۆش و خرۆشێکەوە میوزیک لێ دەدا، هەرچی کولتوور و بەها و کەلەپووری شەقامە بازنەییەکان هەیە لەدووتۆیی میوزیکەکەی رەنگ دەداتەوە.

-ئەو شانۆیانەی لەم دوایەدا نمایش کران، باس لە کوولەمەرگی و ئازایەتی کەسانی پێشتری شەقامە بازنەییەکان دەکەن.

-ئەو شێوەکارە و خۆشنووسەی لەلایەکی شەقامە بازنەییەکان تابلۆکانی داناوە، هەموو هێماکان دەگەڕێنێتەوە بۆ بەها و گەورەیی شەقامە بازنەییەکان.

تەنیا کتێبە زەرهەڵگڕاوەکانی نێو کتێبخانەکانی سەر شەقام شایەدی ئەوەن ئەم شەقامە بازنەییانە چەند مەزنن و تا هەتاهەتایە هەر بەمەزنی دەمێننەوە.

شەقامە بازنەییەکان لەپێشتردا لەهەموو لایەکەوە بەدار و درختەکان سەوز بوون، ناوەندی شەقامە بازنەییەکان درختەکانی ئەوەندە چڕبوون ئەوبەریت نەدەبینی، بەڵام رژێم لەسەرەتای ساڵانی هەشتا بەبیانووی هەبوونی کەسانی تێکدەر هەموو دار و درختەکانی بڕییەوە، نەوەک تێکدەران خۆیان لەنێو ئەو دار و درختانە بشارنەوە و هێرش بکەنە سەر دەستە و تاقمی نابەلەدی ئەو شەقامە بازنەییانە، بۆ دووبارە رەگی ئەو دار و درەختانە چڕۆی کردەوە و سەوزی و رازاوەیی دا بە شەقامە بازنەییەکان، لەتەک ئەوەی ئێستا تا رادەیەک سیمای شەقامە بازنەییەکان گۆڕاوە، بەڵام چیرۆک و گێڕانەوەی چەند نەوەیەکی پێشتر دەتخاتە نێو دونیایەکی سیحراوی، ئەم دونیایە سیحراویەش تەنیا لەنێو کتێب و فیلم و سینەماکاندا دەبیندرێ.

هەرچۆنێک بێ، دیارە کارەساتەکان مەرج نییە هۆیەک بێ بۆ ماڵوێرانی، بەڵکو زۆرجاران دەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکان داهێنان بهێننەکایەوە، تەنیا بەیەکتر خوێندنەوە و گوێ لەیەکتر راگرتن، دەتوانین هەموو ئاستەنگەکان ببڕین، رابردوو بکەین بەوانەیەک تا لەداهاتوودا سوودی لێ وەربگرین.

ئێستا شەقامە بازنەییەکان کپە، بەرەبەیانە و جوانی دار و بەرد و کەرپووچ و کۆڵەگەکان بەجوانی بەدەردەکەون، ئەگەر بڕوانیتە هەر لایەک جوانی و هونەر لەهەنگاوەکانی بەرپێت دەبینی، تێبینی دەکەی کە بۆ چەندین هەزار ساڵە ئەو کەرپووچ و کۆڵەگانە چۆن بەرگەی ئەو هەموو ساردی و گەرمی و تۆز و با و باران و بروسکەکان بۆتەوە.

(8)

لەنێو خەیاڵێکی قووڵدا بووم، سەبارەت بەوانەی ماوەیەکی دوور و درێژە شەقامە بازنەییەکانیان جێهێشتووە، بەڵام ئەوانە ڕۆژانە تەلەفۆن دەکەن، بەمەبەستێک، یان ئەوەتا پارەیەکی زۆریان ناردووە تا زەوی و زار و خانووی پێبکڕن، یان ئەوەتا لەبانکەکانی ئەو وڵاتانەی تیایدا نیشەجێن ، بەهۆی ئەو پارە زۆرەوە باجێکی زۆریان دەکەوێتە سەر، بۆیە دەیانەوێ لە نێو بازنەکاندا کارێکی پێبکەن، بۆ ئەوەی کە هاتنەوە وەک هەموو دەوڵەمەندەکانی دیکە بەرژەوەندی گەورەیان هەبێ و بتوانن ئەگەر زۆریش نەبێ ببنە ژمارەیەک لەنێو دەوڵەمەندەکانی دیکە، لەلایەکی دیکەوە بەشێک لەوانە هەردەم ئارەزوو دەکەن، ئەگەر بەوێنە و ڤیدیۆش بێ جووڵە و شەقام و دووکانەکان ببینن.

لەو لێکدانەوە و خەیاڵانە دابووم دەنگی ژنێکی تەمەن پەنجاساڵە خەیاڵەکەی پچڕاندم، ئەو ژنە لەیەکێک لە چایخانەکانی بازنەی یەکەم دانیشتبوو، لەهاوار کردنەکەی بەدەر دەکەوت، لەگەڵ کوڕ و

زاوایەکـــی دانیشـــتووە، زۆر بەتـــوڕەیی قســـەی لەگەڵ کـــوڕەکەی دەکـــرد و دەیگـــوت: بـــاس لەژنەکەی خـــۆت مەکە، نامەوێ گـــوێم لەنـــاوی بێ، ئەمە پیســـە و دەیەوێ هەمووان بەشـــەڕ بێنێ، هەموو شـــتێکمان بۆ کرد، کەچـــی ئەو هەر خێســـە لەئـــێمە دەکـــا، وا دەزانـــێ ئـــێمە دەبـــێ لەخزمەتـــی ئەودا بـــین، چـــی پـــێ دەڵـــێن بەپـــێچەوانەوە وەڵام دەداتەوە، دژی ئێمە کارەکان دەکات.

ئەو ئـــافرەتە بەتەمەنە نمـــوونەی دەیـــان دایکـــن، کە کێشـــەیان لەگەڵ بووکەکانیـــان هەیە و دەزانـــن تەنیـــا بەدەرکردن لەماڵەوە دڵیان ئاو دەخواتەوە.

بەشێک لەخەڵکەکە لەئێستادا نـــاژین، بـــەڵکو بەدوای مێژووەوەن، هەردەم باس لەسوڵتان و میرەکان دەکەن، کە لەسەردەمی ئەواندا چی بەرپا کردووە و ژیان چۆن گـــــوزەراوە، ئەو ژنەش وادەزانـــــی ســـــاڵانی نەوەدی سەدەی رابـــردووە، هەمـــوو کەسێک بەشـــتێک رازی بـــن، کەس ورتەی لێوە نەیێ، ئەو کەمێک دەنگی نزمکردەوە وەک ئەوەی شـــەرم لەدەوروبەرەکەی بکـــات و گـــوتی: ئەو مۆبایـــل و ئایپـــاد و فەیســـبووکە بەجارێـــک دونیـــای تێکداوە.

زاواکەی بەپێکەنینـــەوە گـــوتی: دایە هەمـــوو شـــتێک گـــۆڕاوە، خـــۆ ســـەردەمی پێشـــتر نییە، ئەگەر شـــتەکان نەگۆڕابێ، چۆن تۆ لەیەکێک لەچایخانەکان دادەنیشـــی و

بەئارەزووی خۆت قسە دەکەی، پێشتر بوایە هەزار ناو و ناتۆریان بەرامبەر بەتۆ و بەئێمە و ناو شار دەتەنی.

بابەتەکان رۆژانە دەگۆڕێ ئەوەتا وەک ئاشووری و کلدانەکانی دوا بازنە هەر باس لەشکۆمەندییەکانی رابردوو دەکەن، رابردوویەک لەگەڵ گۆڕانی دەسەڵاتەکان ئەوان سوودمەند بوونە، دوای راپەڕین هەموو بیانییەکان بەناوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمپانیاکان روویان لەدوا بازنە کرد، چونکە ئەوان لەخەڵکەکەی دیکە زیاتر کراوەتر بوون، هەرووەها ئەوان وەک خاوەن کۆمپانیا و بەرپرسانی یوئێن کریستیانی بوون، خەڵکی بازنەکان لەکوولە مەرگی دەژیان، کەچی ئەوان شەقیان لەپارە دەدا، کاتێک کارەکان سوودی نەما، ئەوان چوونە هەندەران و یەکسەر مافی پەنابەریەتیان پێدرا، بەو بیانووەی لەلایەن خەڵکی مووسڵمانەوە غەدریان لێدەکرێ،

لەزۆر لاوەش بیستراوە نەوەی سێیەمی خانەوادە جوولەکان بەدزی و بەناسنامە و پاسەپۆرتی دیکە سەر لەبازنەی خوارەوە دەدەن، دوای کەمێک فرمێسک رشتن و هەوڵی لابەلا دەیانەوێ خانووەکەی باپیرە و داپیرەیان ببینن، بەشێکیان بەهۆی چاوساغی و زانیارییان لەبارەی مێژووی ئەو خانووانە، هاوڕێ

جووەکەی دەبینی، کاتێک دەچنە شوێنەکە دەبینی خانووی باب و باپیرانیان کراوەتە گەراجی ئۆتۆمبێل.

ئێستا زۆر بەکەمی ئەو باس و خواسانە لەنێو بازنەکان دەخرێتە روو، چونکە بەشێکی خەڵکی شەقامە بازنەییەکان بوونەتە بازرگان، کاتیان نییە تەنیا بۆ خولەکێکیش لاپەڕەیەک بخوێننەوە، تەنیا باس لەملیۆن و ملیار دۆلار و دینار دەکەن، هەندێکیان بازرگانیان لەگەڵ چین هەیە، هەرچی کەلوپەلی خراپی ئەو وڵاتە هەیە، لەنێو بازنەکان ساغی دەکەنەوە، گرنگن نییە ئێرە ببێتە زبڵدان، تەنیا گرنگ ئەوەیە لەو بازرگانییە پارەیەکی زۆر بەدەست بێنن.

هەردەم گلەیش لەخەڵکی شەقامە بازنەییەکان دەکەن، کە تەنیا دەیانەوێ بەقەرز کاڵاکانیان بکڕن، بەڵام زۆر بەخۆشییەوە باس لەکڕیارە عەرەبەکان دەکەن، کە بێ هیچ مامەڵەیەک کاڵاکان دەکڕن، سوودێکی زۆر لەوانە دەبینن، عەرەبەکان پێشتر بەگەشت دەهاتنە شەقامە بازنەییەکان، بەڵام ئێستا بەشێک لەبازنەکان عەرەبی تیادا نیشەجێیە، بەبیانیووی ئەوەی شار گەورە بووە، شار کەس خاوەنی نییە، بەڵکو شار موڵکی مرۆڤایەتییە. ئێستا لەنێو بازاڕی بازنەی یەکەمدا لەپێج کەس، سێیان عەرەبە، هەندێکجار لەچایخانەکان تەنیا دەنگی ئەوان دێ.

ئەوانەی باسـمانکردن عەرەبەکـانی ناوەڕاسـت و باشـوورن، بەڵام عەرەبـی سـووری لەهەمـوو شـوێنێک دەبینـدرێن، ئەوان سـەرەتا لەکەمـپ بـوون، دواتـر هـاتنە نێو بازنەکان، هەموو کارێک دەزانن و بەپارەیەکی کەم کار دەکەن، کـوردانی ڕۆژئـاوا ئێرە و هەمـوو بازنەکـان بەماڵی خۆیان دەزانن، هیـچ کاتێـک بیـر لەوە نـاکەنەوە، ئەوان بەشێک نین لەو بازنانە، بازاڕ و کار زۆر برەوی پێـدراوە لەتەک ئەوەی خەڵکـی بازنەکـان بەدوای مووچەوەن زۆر بەکەمـی حەز بەکـار دەکەن، دەیانەوێ وەک فەرمبانبەر و پۆلیس و مامۆستا کار بکەن، ئەگەر دەوڵەمەنـدیش بـن، زۆر بەکەمـی لەسـەر کۆمپانیـا و دووکان و چایخانەکانیان دادەنیشن، ئێستا ئەوانەی کـار دەکەن زۆربەی سـوورین، گلەیـش دەکەن دەڵـێن ئەو سـوورییانە کاریـان نەهێشـتووە، لەو لاوەش بەنگلادیشییەکان وەک خەڵکی بازنەکـان مـامەڵە دەکەن، خەڵکـی بەگشـتیش ئەو بەنگلادیشـیانەی خۆشـدەوێ، چـونکە کەسـانی کاسـب و بێدەنگ و رووخۆشـن تەنیـا دەیـانەوێ کـار بـکەن، ئەگەر ئەوان نەبـن، سـەرتاپای شـەقامە بـازنەییە دەبێـتە زبڵخـانە، لەپـارک و بـاخچە و شـارەوانییەکان هەر ئەوان دەبینـدرێن، کـە بەپـارەیەکی کەم کار بکەن.

ئیتر پاڵەوانی بازنەکان لەڕووی کارەوە ئێستا ئەوانەن، کەچی پاڵەوانە راستەقینەکان خۆیان لەپەنا و پەسیوان شاردۆتەوە، ئێواران زۆربەیان بەبێدەنگی بەرەو بازنەی یەکەم دەکشێن، کەچی هەڵگری دەیان کێشەی دارایی و کۆمەڵایەتین، ئەو کاتەش ئاشکرا دەبێ، کە باریان قورسە و کێشەکان تەنگی پێ هەڵچنیوون، لەگەڵ یەکەم پێکدا دەردە دڵ و دەروونی خۆیان هەڵدەڕێژێن، گرنگ نییە هاوار بکەن، یان دەست بەگریان بکەن، گرنگ ئەوەیە ئەوەی لەناخیاندایە هەڵیڕێژێن، بەشێک لەوانە خۆیان بەنووسەر و شاعیر دەزانن، بەچەند پەڕەگرافێکی هەڵبزرکاو دەردە دڵی خۆیان لەکاغەزێکدا نووسیووە، یان شیعرە بێ ماناکانیان بەگوێی هەموو لایەک دەچرپێنن، ئەم بەزمە تا درەنگانی شەو بەردەوامە، لەکۆتایشدا لەنێوان ئەوانەی بەخۆیان دەڵێن هاوڕێ و برادەر لەسەر شتێکی زۆر سانا دەبێتە شەڕیان.

لەوەی گەڕێن، ئەم خۆڵبارینەی ئەم چەند رۆژە، هەموو ئەوانەی سووکە نەخۆشییەکیان هەیە خستۆتە ژوورەوە، کەچی هاووڵاتییانی هەموو بازنەکان پێیانوایە ئەمە غەزەبی خودایە، چونکە بەشێک لەبازنەکان زێتر لەرادەی خۆیان دەوڵەمەند بوونە و بەئارەزووی خۆیان تەخشان و پەخشان بەپارە دەکەن،

شەوان لەسەر مێزی قوماردا پارەکانیان هەراج دەکەن، هیچ کاتێکیش هەژارەکانیان لەیاد نییە، هەردەم لەسەر مێزی خواردنەوەدا لەگەڵ کچی جوانی لوبنانی و سووری و عێراقی و چینییەکان پێک لێ دەدەن، کاتێکیش سەرخۆش دەبن، بەلارە لار کچە جوانەکان بن باڵیان دەگرن و بەرەو ئۆتۆمبێلە دوا مۆدیلەکانیان دەڕۆن، لەوێوەش بەرەو ئەو شوقەیە دەچن، کە تەنیا لەبەر چاوانی ئەو کچە سۆزانییانە کڕیوویانە.

کاتێک بەیانی دادێ، وەک ئەوەی هیچ نەبوو بێ، دیسان تۆز و خۆڵەکە دەچێتە نێو چاو و قوڕگیان، هەرجی قسەی بێ مانایە دەیکەن.

ـ –خوا دەزانێ غەزەب لەکێ دەگرێ، ئەو خەڵکە، لەجیاتی ئەوەی رێز و بەزەیی بەرامبەر بەیەکتر بنوێنن، کەجی بەرژەوەندییەکان چاوی کوێر کردوون، لێرە و لەوێ تەقە لێک دەکەن.

شار گەورە بووە، بازنەکانیش زیاتر بوونە, بازنەی دووەم پێشتر جێگەی کێشە و گرفت بوو، هەر لەو سەردەمە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان کێشەیان لەگەڵ بازنەی یەکەم نەبوو، چونکە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بوو، کەسانی بازنەی دووەم کاتێک دەهاتنە بازنەی یەکەم هەستیان دەکرد لەهەموو لایەکەوە چاودێری دەکرێن، خەڵکی بازنەکانی دیکە بەگشتی

هەژار بـــــوون و هەردەم بەدوای کـــــاردا دەگەڕان، هەندێکیان لە بێکاری دەچوونە شارە عەرەبەکان لەوێدا وەک فیتەر و وەستای دیوارِ و کرێکار کاریان دەکرد، عەرەبە گەشـــتیار و نیشـــتەجێبووەکانی ئەو کــات زۆر بەلەخۆباییەوە دەسوڕانەوە، هیج حسێبێکیان بۆ خەڵکی بازنەکان نەدەکرد، ئەمنەکانی ئەو کات عەرەب بوون و بەشێک لەخەڵکی بازنەکان ببوونە چاوساغی ئەو ئەمنە عەرەبانە، چەندین جۆر ئەمن هەبوون، وەک ئەمنی ئابووری کە هەردەم بەدوای ئەو مێردمنداڵانەوە بوون، کە لە بازنەکانی دیکەوە بۆ کاسبی هاتبوونە بازنەی یەکەم، ئەو ئەمنانە بەبیانووی فرۆشتنی کاڵای قاچاخ کێشەیان دروست دەکردن.

ئازاد: ئەو ئەمنانە لێناگەڕێن ئێمە کاسبی بکەین، قوتابخانەشمان لەدەستچوو و کارکردنیش ئەوە خۆت دەیبینی بەو جۆرەیە.

عەلـــی: دەکـــرێ رۆژانە لەقـــازانجەکەی خۆمـــان شتێکیان بدەینێ، یان هەفتەی گرۆزە پاکەتێک.

–ئێمە عەرەبی نازانین، چۆن تێیان بگەیەنین؟

–ـ زمانی ناوێ، ئەوان لەزمانی بەرتیل تێدەگەن.

ئەم بەرتیـــل وەرگـــرتنە زۆر تەشـــەنەی کـــرد، وایلێهـــاتبوو هەمـــوو بـــازارِ تەنیـــا بەرتیـــل وەرگـــرتن بەڕێوەی دەچوو، ئاشنایەتی دووکاندار و کاسبکارەکان

لەزۆر رووەوە بەهێز بوو بوو، هەر کەسێکیش لەنوێوە دەهاتە نێو ئەو بازنەیە بۆ کاسبی، لەهەموو روویەکەوە دژایەتی دەکرا، تا ئەو کاتەی کۆدی بەرتیل پێدانەکەی دەدۆزیەوە چەندینجار دەستگیر دەکرا.

لەبەرزایی بازنەی یەکەمدا بازاڕێک پەیدابوو بوو، چەند ناوێکیان لێنابوو، هەبوو دەیگوت بازاڕی ئێرانی، یان بازاڕی خومەینی، هەموو شتێک لەوێدا هەبوو ئەوەی لەتاران هەبوو لەبەرزایی بازنەی یەکەمیشدا هەبوو، ئەوەی سەیرە ئەو کات لەگەرمەی شەڕی نێوان عێراق و ئێران بوو، سەیر بوو قاچاخچییەکان چۆن ئەو کەلوپەل و کاڵانەیان دەهێنا،

زۆرجار لەوێدا دەبووە تەقە و راوی کاسبکارەکانیان دەنا، بەشێک لەو دەسگێڕ و کاسبکارانە دەستگیر دەکران، چەند رۆژێک بەند دەکران و بەڵێنیان دەدا جارێکی دیکە ئەو کارە نەکەنەوە، بەڵام راستەوخۆ لەپاش بەربوونیان دەستیان بەو کارە دەکردەوە. دووبارە دەگیرانەوە، بەڵام نەدەبرانە بەندینخانە، بەڵکو کاسبکارەکان ئەمجارەیان لەگەڵ پۆلیس و ئەمنەکانی ئابووری ریککەوتبوون، کە ماوە ماوە گرۆزێک پاکەتی کێنتیان بۆ بێنن، لەگەڵ ئەوەی گرۆزێک پاکەت زۆر بوو، کەچی ئەوان ناچار بوون.

هەمان کارەسات و هەمان ڕووداو دوای ڕاپەڕین دووبارە ببووە، ئەمجارەیان بەجۆرێکی دیکە بوو، خەڵکی بازنەکان بەگشتی هەژار بوون، بۆ ئەوەی کارێک بکەن و بژێویی ماڵ و منداڵیان دابین بکەن ئەمجارەیان کەلوپەلیان لەبازنەکانەوە دەبردە ناو شارەکانی دیکەی عێراق، سەیتەرە و بازگەکان زۆر بەتوندی لەگەڵ خەڵکی بازنەکان دەجوولانەوە تا وایلێهاتبوو چەند کەسێکیان بەکەلوپەلەوە دەسووتاند تا خەڵکەکە بەتەواوی چاو ترسێن بن، بەڵام خەڵکەکە ئەوەندە بێحاڵ بوون بۆیە هەرگیز وازیان نەدەهێنا، لەوێوەش هەرچی بۆ ناو بازنەکانی هەرێم باشبوو دەیانهێنا، دەیان و سەدان کەسیش لەو ڕێگەیە مردن، دەیان و سەدان کەس دەستگیر کران و بۆ چەندین ساڵ لەزیندان مانەوە، ئەمجارەیان بابەتەکە گۆڕا و بەمانا نەتەوەیەکەی هاتە ئارا.

هەرچی بڵێین سەبارەت بەو ڕۆژە هەموارانە تەواو نابێ، ئێستاش برینی ئەو کاتە ساڕێژ نەبووە، ئەو نەوەی ئێستا پێڕاگەیشتووە هیچ کام لەم مێژووە نازانێ، وەک ڕەخنەگری ڕۆمان ئەم ڕووداوانە و گێڕانەوەی بە تەکنیکی ڕۆمان نازانێ، کەچی دەکرێ هەموو ئێش و ئازاری رابردوو بنووسێنەوە، ئینجا ڕەخنەگران چۆنی لێک دەدەنەوە گرفت نییە، کێشەی

ئێمە بەگشتی لەنێو چوارچێوەکان یەکتر ناخوێنینەوە، لەهەشتاکانی سەدەی بیست چەند کتێبخانەیەکی فرۆشتنی کتێب لەنێو بازنەی خوارەوەی شەقامە بازنەییەکان هەبوو، ئێمەی گەنج بەجۆش و خرۆشەوە رۆژانە سەردانی ئەو کتێبفرۆشانە دەکرد تا بزانین چ کتێبکی نوێ دەکەوێتە بازارەوە و ناوی خۆمان دەنووسی نەوەک کتێبە نوێیەکەمان بەدەست نەکەوێ، ئەو کات شاعیر و نووسەرانمان زۆر خۆشدەویست، نەک وەک ئێستا، چونکە زۆربەیان دابەشبوونەتە سەر حزبەکان، لەوانەشە هەقی خۆیان بێ،چونکە بژێو و ژیان ئێستا بۆتە ئاستەنگێکی گەورە.

## (9)

ساردی و گەرمی لەشەقامە بازنەییەکان وەک گەرمی و ساردی هیچ شوێنێک نییە زۆرجار باس لەوڵاتان دەکەن و دەڵێن : ئەم ئەفریقیایە ئەوەندە گەرمە هەتا خەڵکەشی رەنگی گەرمیان هەڵگرتووە، ئەوەتا رەنگیان وەکو دوای کوژاندنەوەی ئاگر رەنگی خۆڵەمێشی گرتووە.

ئەوانە رەش نین، بەڵکو رەنگیان رەش بووە، بەڵام دەروونیان ئەوەندە سپییە، هەتا سپی پێستەکان سەریان سوورماوە، سەیری ددانەکانیان بکە ئەوەندە سپییە، ئەوە رەنگدانەوەی دڵ و دەروونیانە.

-سەیری سپی پێستەکان بکە دڵ و دەروونیان رەش رەش و ددانەکانیان رەشهەڵگەڕاوە.

هەر لەسەرەتای زستاندا شەقامە بازنەییەکان ساردییەکەی جۆرێکە حەز بەوە دەکەی یەکسەر رووبکەیتە شارەکانی ناوەڕاست، چونکە بەڕاستی ساردە و زۆر بەزەحمەت گەرم دەبیەوە، دواتر لەگەڵ ساردییەکەی را دێی و وەک هەموو خەڵک چاوەڕوانی شەپۆلی سارد و بەفر و باران دەکەی. بەفر و ساردی

هەراسـانی دەکـردی بەهـیچ شـێوەیەک بـۆ سـاتێکیش گەرم نەدبوونەوە، هەمـوو جل و بەرگەکانت دەپۆشـی، کەچی هەر گەرم نەدەبوویەوە. دەتویست بەفر و باران کەمـێ بـوارت پـێ بـدا پیاسـەیەک بکەیـن، هەناسـەیەک بدەی، نەوەک لەسەرمانا رەق ببینەوە.

بـارانە بەخوڕەکـانی سـەرەتای سـاڵانی هەشـتاکانی سـەدەی بیسـتەم زۆر جـار چەنـد رۆژێکـی دەخایەنـد، خـۆم شـایەدم چـل رۆژ بـاران بـێ ئەوەی لێـی بکـاتەوە بەردەوام بـووە، هەمـوو شـوینە لابەلایەکـانیش شـێوەی لافاوی بەخۆیەوە دەگرت، ئەوەی جێگەی دڵخۆشی بوو لەناوەڕاسـتی زسـتاندا بەفـر بەرزاییەکـانی بـازنەی یەکەمـی دادەپۆشـی، بەڵام زسـتانەکە زیـاتر سـارد و سڕتر دەبوو.

تەنیـــا جوتیارەکـــانی دەرەوەی بازنەکـــان، کە لەبازنەکان نیشتەجێ بوو بوون، حەزیان دەکرد زیاتر بـاران بـێ، تـا زەویـیە کێڵـدراوەکانیان زیـاتر ئـاو بخـوا، ئاوی باران تا سەر زەوی بهاتبووایە، ئینجا دەیانگوت: ئەمساڵ دەغڵ و دان زۆر دەبێ، خەڵکی بازنەییەکانیش بەتەواوی لەبـاران بێـزار بـوو بـوون، لەبەرامـبەردا جووتیارەکـان پێانـدەگوتن: ئێـوە دژ بەهەمـوو شـتێک دەوەسـتنەوە، ئەو بـارانە خێـر و بەرەکەتە و هەمـوو نەخۆشـییەک لەگەڵ خۆیـدا دەبـا، دواتـر ئەگەر گەنـم و

دەغڵ و دان نەبێ، ئێوە ئارد لەکوێ دەهێنن، ئەی ئاشەکان چۆن کاریان هەبێ.

هەندێک گەڕەکی بازنەی دووەم، خانووەکانی کۆن بوون و کۆڵانەکانیشی تەسک بوون، ئاوڕۆکانی ئەو گەڕەکانەش وەک کۆڵانەکانی تەسک و باریک بوون، بۆیە زوو پڕ دەبوونەوە و ئاوی پیسی زێرابەکان دەهاتە ناو کۆڵانەکان و خەڵکی ئەو گەڕەکانەی هەراسان دەکرد. تا شارەوانی دەگەیشت زۆربەی ماڵ و حاڵ نقوومی ئاو دەبوون. ئەمە هەموو ساڵێک دووبارە دەبۆوە، تا ئەم دواییانەش چارەسەرێکی وای بۆ نەکراوە، لەم ساڵانەی دوایدا بەهۆی فراوانبوونی بازنەکان چەندین گەڕەک و شاری نوێ دروست کران، ئەوەی لەنیوەندی بازنەکان دەژیان دەوڵەمەند بوون ڕۆیشتن بەرەو دوا بازنە، لەوێدا لەناو ڤێلەکاندا دەژین، بەڵام ئەم فراوانبوونە چەندین زیانی هەبوو، چونکە ئەم فراوانبوونە پلانێکی تۆکمەی لەپشت نەبوو، بۆیە لەمساڵدا واتە لە بیست و دووی سەدەی بیست و یەک بەهۆی بارانی بەخوڕ زۆر ماڵی هەژار تووشی لافاو بوونەوە، بەشێکیان هەرچی ماڵ و حاڵیان هەبوو هەزوو کەوتە ژێر ئاوەوە.

کەچی لەسەدەی رابردوو میسرییەکان هاتبوون بۆ کاسبی لەشەقامە بازنەییەکان، ئەوانیش لەوەرزی

زستاندا زۆر بێزار دەبوون، چونکە لەژیانی خۆیاندا سەرمای وایان نەبینی بوو، بۆیە زیاتر حەزیان بەوە دەکرد لەو وەرزەدا بچنە شارەکانی ناوەڕاست و باشوور، میسرییەکانیش وەک خەڵکی شەقامە بازنەییەکان هۆگری هەموو شتێک بوو بوون، کاتێک دەچوونەوە وڵاتی خۆیان هەر زوو زوو دەگەڕانەوە، وەک ئەوەی غەریبی بکەن، زۆرجاران لەنێو شەقامدا خەیاڵ بۆ ڕۆژانی منداڵی دەیبردنەوە.

مستەفا خەڵکی شاری ئەسیووت بوو، بۆ کاسبی هاتبووە شەقامە بازنەییەکان، زۆر جار بەزەردەخەنەیەکەوە دەیگوت: دەبوایە خەڵکی ئێرە بوومایە، سەیرە من لەکیشوەرێکی دیکەوە هاتووم، کاتێک دەچمەوە ئەسیووت، دەمەوێ هەر زوو زوو بگەڕێمەوە ئێرە، بەڵام زستانەکەی گەلێک ساردە، پیاو نازانێ ڕوو لەکوێ بکات، هاوینەکەشی دەیپڕوکێنێ و خۆت لەو گەرمییە ڕاناگریت.

بەشێک لەقوتابیانی سوودان لەکۆلیژی زانست و ئەندازیاری دەیانخوێند ئەوانیش زۆر بێزار بوون لەزستنانی شەقامە بازنەییەکان.

محەمەد کوڕێکی باڵابەرزی ڕەش ڕەش خەڵکی شاری ئوم دەرمانی سوودان بوو، زۆر جار لەیانەی کۆلیژ باسی لە زستان دەکردوو و دەیگوت: من قۆناغی

یەکەمی کۆلیژی زانستم، هەموو سودانم بینیووە و لەو شارەی تیایدا لەدایکبووم و تا ئەم کاتەش ساردی وام نەدیووە، ساردییەکەی زۆر وشکە، شتی وام نەدیووە، بەڵام شەقامە بازنەییەکان سیحرێکی تایبەتیان هەیە، ئەو بازنەییانەی ئێوە هەرگیز و هەرگیز تەواو نابێ، ئێوە زۆر خوش بەختن کەوتوونەتە ئێرە و خاوەنی ئەم بازنانەن.

-دەزانم ئێوە بێزارن لەفەلەستینییەکان، ئەوان دژی هەموو شتێکی شەقامە بازنەییەکانن خۆیان بەشۆڕشگێڕ دەزانن، بەڵام دژ بەهەموو شۆرشگێڕێکی دیکەن، ئەوان لێرە لەگەڵ رژێم دەستیان تێکەڵکردووە، بەشێکیان لەدائیرەی ئەمن دەوام دەکەن، لەگەڵ هەندێک خۆفرۆش راپۆرت لەسەر قوتابییانی شەقامە بازنەییەکان دەنووسن و خەڵک بەگرتن دەدەن.

دەبێ ئەوەش بڵێین زۆرێک لەکرێکار و ئەندازیاری هیندی و پاکستانی لەو سەردەمەدا لەدەزگە فەرمییەکانی حکومەت کاریان دەکرد، وەک چاپخانە و چەند کارگەیەکی دیکەی حکوومی، بەشێک لەوانە مامۆستا بوون، وەک ئەوەی خزمەت بەرۆڵەی وڵاتەکەی خۆیان بکەن بەو جۆرە دڵسۆز بوون، ئەوان زانست و زانیارییەکی زۆریان لەلابوو، هەموو کات بۆ هەر پرسیارێک دەرگایان کرابووە ، بەڵام ئەوان

سەریان لەهەندێک بابەت دەرنەدەچوو، بۆیە هەندێکجار بەترسەوە پرسیاریان دەکرد: دەزانین زستانەکە سەختە، بەڵام شەوان لەگەڵ بروسکە گوێمان لەتەقە دەبێ، ئەمە چییە، خۆ ئێران نەهاتۆتە ژوورەوە؟

کاتێک متمانەی بەقوتابییەک بایە جوێنی بەرژێم دەدا، کاتێک هەستی دەکرد بەرامبەرەکە لەگەڵیدا قسەی نەدەکرد پێدەکەنی و دەیگوت:بەهەڵە تێمەگەن مەبەستم رژێمی هیندستانە.

لەو رۆژگارەدا شەوانی سەخت و سارد و سڕ پێشمەرگەی لایەنەکان دەهاتنە نێو دوا بازنەکان، زۆرجاران بەسەر ئەو ماڵانەیان دادا، کە پەیوهندییان لەگەڵ رژێم و ئەمن و جاشەکان هەبوو، هەندێک شەو تابەیانی شەڕ و کوشتار دوا بازنەی دەگرێتەوە، گەلێکجار رژێم بەهۆی جاشەکانیان گەڕەکانی دوا بازنەیان گەمارۆ دەدا، زۆرجاریش جاشەکان بەخۆیان دیواری هەندێک ماڵیان بەپەمپی بۆیە دەنووسی، هەموو نووسینەکانیش دروشم بوو دژ بەڕژێم، تا گەنجەکانی ئەو گەڕەکە بەگرتن بدەن و خەڵکی بازنەکان چاوترسێن بکەن، بەو شێوازە قێزەوەنەیان چەندین گەنجیان بردە بەردەم سێدارە، یان لە زیندندا گیانیان لەدەستدا.

زستانی شەقامە بازنەییەکان لەگەڵ هەر شەپۆلێکی دەریای ناوەڕاست رۆژ بەرۆژ ساردتر و ساردتر دەبێ، هەموو ئەو گەلانەی بەپێی شەپۆڵەکانی دەریای ناوەڕاستن و بەشێک لەدەڤەرەکەیان چیا و دۆڵ و کێوی تێدایە بەو شێوەیە زستانیان بەڕێ دەکەن.

بەهار لەشەقامە بازنەییەکان زۆر کەمە و زۆر بڕ ناکا، دەتوانین بڵێن دە تا پانزدە رۆژە، لەدواتر یەکسەر گەرم دەبێ، تەنیا لەکاتی نەورۆزدا هەست بەفێنکی دەکەی، بۆیە گەرمییەکی لەناکاو، زۆر جاریش تەپ و تۆزێکی لەگەڵدایە لەهەموو رووییەکەوە بێ تاقەت دەکات، وەک ئەوەی لەبازنەیەکی سەحراوی بیت وایە، زۆر وشک برینگە،.

هەست بەوەرزی پایز دەکەی تەنیا لەبەر ئەوەی بەچاوانی خۆت دەبینی چۆن گەڵای درەختەکان دەوەرێ، کەچی بەهەمان شێوە کەشەکە لەگەڵ و تەپ و تۆزدا زۆریش گەرمە، هەموو چاوەڕێ دەکەن زستان بێتەوە، بەڵکو ئەو تەپ و تۆزە کۆتایی بێت.

لەهەشتاکانی سەدەی رابردوو، زۆر بەکەمی خەڵکی شەقامە بازنەییەکان بیریان لەوە دەکردەوە گەشت بۆ سەر دەریا و بازنە فێنکەکان بکەن، لەوانەیە لەبەر کەم دەرامەتی بێ یان ئەو کات رژێم لەشەڕدا

بوو لەگەڵ ئێراندا، بۆیە ڕێگەی بەکەس نەدەدا گەشت بکات، نەوەک نەگەڕێتەوە، یان لەدەرەوەی وڵات پەیوەندی بەئۆپۆزیسیۆنەوە بکات،

کەچی لەدوای ڕاپەڕین دەروازەکان کرانەوە زۆربەی ئەو خەڵکەی لەگەرمی هاوینی بازنەکان بێزاربوون لەفڕۆکەخانەی شەقامە بازنەییەکان سواری فڕۆکە دەبوون بۆ ماوەی مانگێک یان دوو هەفتە خۆیان لەو شەقامانە دوور دەخستەوە.

لەهەشتاکانی سەدەی رابردوو سەرەڕایی گەرمی، کەچی گەشتیارانی ناوەراست و باشووری عێراق روویان لەشەقامە بازنەییەکان و ئەو هاوینەهەوارانەی سەر بەو شەقامانن دەکرد، ئەوان وایاندەزانی هاتوونەتە بەهەشت، ئێستاش پیاو و ژنە بەتەمەنەکانیان خۆزگە بەو ڕۆژانە دەخوازن کە هاتوونەتە شەقامە بازنەییەکان.

ڕۆژێک لەچایخانەیەکی بازنەی یەکەم دانیشتبووم، چەند کەسێکی بیانی هاتنە تەنیشتم، پێدەچوو ئەو بیانییانە خەڵکی ئاسیای دوور بن، چاوەکانیان بچووک بچووک ئەوەندە گەرمایان بوو هەموو لەشیان کەوتبووە نێو ئارەقە، یەکێکی خەڵکی شەقامە بازنەییەکانی لەگەڵ بوو و گوتی: بیرتان نایێ کاتێک لەوێ بووین بە ئێوەم گوت: دەتانبەمە شوێنێک هاوینی

بەڕاستی گەرمە و زستانیشی بەپێچەوانەوە زۆر سارد و سڕە.

یەکێــک لەو بیانییــانە گــوتی:گەرمیــیەکەی زۆر ناخۆش نییە، بەڵام ئەوەی سەیرە ڕۆژ و شەوی وەک یەکە، باشــە زســتانیش بەو شــێوەیە دەگەڕێــنەوە تــا بزانین ساردییەکەی چۆنە؟

برادەرێک بۆی گێڕامەوە گوتی : کاتێک لەیەکێک لەشــارەکانی باشــوور قوتــابی پەیمــانگەی مامۆســتایان بووم، لەڕۆژی دەرچوونمان هاوڕێیەکی بازنەکانی ئەو شــــارە زۆر لــــێم نزیــــک بــــوو گــــوتی: حەز دەکەم پەیوەندیمان هەر بمێنێ هەر کاتێک هاتمە باکوور حەز دەکەم بــێمە شــەقامە بازنەییەکــان وســەردانیماڵتــان بکەم.

ـ کاتێـک دێـیە شـەقامە بازنەییەکـان پێنـنج جـار لەیەکەم بـازنە بسـوڕێیەوە دواتـر وەرە بـازنەی دووەم، ناوی من بێنە دەتهێننە ماڵی ئێمە.

ئەوم لەبیرچووبووە لەڕۆژێکی گەرمی مانگی ئاب، بەنـوێژی نیـوەڕۆ لەدەرگە درا، کاتێک دەرگـام کـردەوە بینـیم ئەو بـرادەرەی باشـوورە، کە لەپەیمـانگە پـێکەوە قوتــابی بــووین، دوای دانیشــتن و کەمێـک حەســانەوە گوتی: مـاڵی ئێوەم زۆر بەئاسـانی دۆزییەوە، بەڵام ئەو پێنج جارەی سوڕامەوە بەراستی ماندووی کردم.

لەهــاوینی ســاڵانی هەشــتاکانی ســەدەی بیســتەم پێشمەرگە کەمتر روویان لەشەقامە بازنەییەکان دەکرد، بەدرێژایــی هــاوین چەنــد جارێــک لەدەرەوەی شــەقامە بازنەییەکــان چالاکیــان دەنوانــد، لەرەبــیە و ســەربازگە بچووکەکانیــان دەدا، دواتــر هەر بەو شــەوە روویــان لەکێوان دەکردەوە، ئینجا هەواڵەکان دەگەیشتە هەموو شەقامە بازنەییەکانی دیکە.

دوای ڕاپەڕیـــن، زۆربەی ئەو شۆڕەســـوارانە گەڕانەوە پێڵاوی لاستیکیان لەپێ بوو، ئێمە شانازیمان بەوانەوە دەکـرد، کە ســاڵانێک لەو دەشــت و کێــوانە و لەدەربەدەری خەباتیــان کــردووە، زوری نەبــرد وەک ئەوەی پیشەی خۆیان بێ، بەشێوازی بیری حزبایەتی تەسک مامەڵەیان لەتەک خەڵکەکە دەکرد، خەڵکیش هەر خۆیان دژ بەیەک دەجوولانەوە، شەقامە بازنەییەکانیان وەک ساڵانی هەشتا تاریک کرد، تا وایلێهات شەڕی خۆ بەخۆییان کرد، یان ناویان لێنابوو شەڕی براکوژی، سەدان خەڵکی بێگوناه کوژران، بەهەموو چەکێکی بەردەست هێرشیان دەکردە سەر بارەگای یەکتری.

شـــەڕ روژ بەرۆژ زیـــاتر پەرەی دەســـەند، لەم شەڕەدا تەنیا خەڵکی شەقامە بازنەییەکان زەرەرمەندی یەکەم بوون، کۆڵانێکی بازنەییەکانیان کردە دوو بەش، تا دەهات لەگەرمای هاوینی پڕوکێنەر شەڕەکە گەرمتر

دەبوو، بەتۆپ و هاوەن لەبەرزاییەکانی بازنەی یەکەمیان دەدا، ئەوە جگە لەوەی دەزگای راگەیاندنی هەردوو لا بەجۆش و خرۆشەوە جوێنیان بەیەکتر دەدا، وەک ئەوەی دوژمنی لەمێژینەی یەکتر بن، لەراستیشدا دوژمنی لەمێژینەی یەکتر بوون، چونکە کاتێک لەشاح و کێوان بوون هەر بەو شێوە حەڵکی دێهاتەکانیان هەراسان کردبوو.

راستە ئەو رۆژانە بەسەر چوون، کەچی کاریگەری ئەو شەڕانە تا ئێستاش ماوەتەوە، چونکە خەڵکێک دەیەوێ ئەو رۆژانە بگەڕێتەوە و بەحسێبی خۆی تۆڵەی خۆی بکاتەوە، ئەمە برینێکە، زۆر کەسی ئاوارەی وڵاتان کرد، کە هەرگیزاو و هەرگیز نایانەوێ بگەڕێنەوە، ئێستا زۆرێک لەوانە نایەنەوێ بەهیچ شێوەیەک هەواڵی هیچ کامە لەشەقامەکان بزانن.

کاتێک ئەم وشانە دەنووسم لەژێر دیواری بەرزاییەکانی یەکەم بازنە دانیشتووم، بیر لەو رۆژانە دەکەمەوە، کە تا ئێستا کاریگەری ماوە، پێم خۆش نییە ئەم وشانە دەنووسم، بەڵام ئەمە مێژووە.

## (10)

لەهەمـوو بازنەکـانی جیهـان کێشـە و گرفتەکـان بوونیان هەیە و بەردەوامـن، بەردەوامبوونی کێشـەکان، بەپێی دۆخ و ئاکار و نەریت و کەشـەکان گۆڕانکاریـان بەسەردا دێ، لە شەقامە بازنەییەکانی ئەم کیشوەرە

کێشـــەیەکی گەورە لەنێـــوان بـــازنەی یەکەم و بازنەکـانی دیـکە هەیە، کـاتێکیش چەنـدین بـازنەی دیـکە دروست بوو، کێشەکە زیاتر پەرەی سەند.

کێشەی چی، هەر لەخۆتەوە دەتەوێ کێشە بخەیتە ئەوە نێوەنـدەوە، لەوەتەی هەیـن، هەر وابـووین، هەر وا دەبین، سروشتی ئێرە وایە.

نـاکرێ، دەبـێ هەمـوو شـتەکان وەکخـۆی بـاس بکرێ، ئێمە کەس ناکەین بەقارەمان و پاڵەوان.

پـاڵەوانی شـەقامە بازنەییەکـان، ئێسـتا بەشـێکیان خـاوەن هەمـوو شـتێکن، ڤـیلا و مەزرەعە و چـوونە دەرەوەی وڵات و کۆمپانیای زەبەلاح و هەموو شتێک.

ئەی بەشەکەی دیکە؟

کەوتـوون و پیربـوونە، کەس لێیـان نـاپێچێتەوە، وەک ئەوەی هیچ کات لەم بازنانە گوزەریان کردبێت.

پێم سەیرە، زۆرێک لەوانەی لەشەقامە بازنەییەکان لەدایکبوون، سەبارەت بە شەڕە بەرد لەنێوان گەڕەکەکان هەندێ چیرۆکی سەیر دەگێڕنەوە، لەم شەڕە بەردەی نێوان گەڕەکەکان رۆژانە سەری چەندین کەس دەشکا،

ئەم کارە زۆر بڕی نەکرد، ئەوانەی سەریان دەشکا لەرۆژێکی ئاساییدا کەسی سەر شکاو چەندین کەسی لەگەڵ خۆیدا دەبرد و بەبەرد هێرشیان دەکردە سەر کوڕانی گەڕەکەکانی دیکە، زۆڕ جاڕ پەنجەرەی مالاَن دەشکا و زیانێکی زۆر بەر خەڵک دەکەوت.

کاتێک ئەم رووداوانە لەچایخانە و دانیشتەکان باس دەکران دەبووە هۆی پێکەنین و گاڵتەکردن بەیەک.

مێژووی ئەم رووداوانە زیاتر لەپەنجا ساڵە، هاوسەردەمەکان باس لەدووبەرەکی و خۆ جیاکردنەوە و چەندین باسی لەمجۆرە دەخەنە روو، کە رۆژانێک خەڵکی شەقامە بازنەییەکان پێوەی تلاونەتەوە و کێشەیەکی گەورەی ئەو کات بووە،

ئەم شەقامە بازنەییانە لەوەتەی هەن خەڵکی غەریبی بەخۆیەوە گرتووە، بەڵام چۆن ئەمجۆرە کارانە روویداوە، دیارە بۆ خۆ رزگارکردن لەم بابەتە یەکسەر دەڵێین: سیاسەتێکی لەپشت بووە، کە تا ئێستا ئەو سیاسەتە پەیڕەو دەکرێ، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە.

لەسـالانی شەسـتی سـەدەی رابـردوو، شـەقامە بازنەییەکـان کێشـەی گەورەی تێیـدا روویـداوە، چایخانەکـان بەشـێکی زۆری شـوێنی دانیشـتی شـوعییەکان بـووە، ئەو چایخانـانە سـەرەڕای ئەوەی هەنـدێکجار بۆتە شـوێنی رۆشـنبیری، تێیدا چ بەنهێنـی یـان بەئاشـکرا بەیاننـامەی تیـادا بڵاوکـراوەتەوە، زۆرجـاریش کۆبـوونەوەی نهێنـی تیایـدا ئەنجامـدراوە، کاتێـک حـزبە نەتەوەییەکـان گەشـەیان کـردووە، زۆر کێشە کەوتۆتە نێوان حزبە نەتەوەییەکان و چەپەکان

ئەمە لایەنێکی شـەقامە بازنەییەکانە، کەچـی لایەنی رۆشـنبیری هەر زوو بەهـاتنی چاپخـانە سـەریهەڵدا، کاتێک لەچاپخانەیەکدا کارم دەکرد، سـەیرم پێهات ئەم چاپخانە بچووکە چ ئەرشیفێکی مەزنی هەیە.

ـ دەزانـی تـا ئەم چاپخـانەیە هـاتۆتە سـەر پـێ خاوەنەکەی چ ئێش و ئازارێکی بینیووە؟

ـچۆن لەچ روویەکەوە؟

خـاوەنی ئەم چاپخـانەیە زیـاتر لەشەسـت جـار گیراوە و براوەتە بەندینخانە.

ـ بۆ چاپکردنیش لەو سەردەمە تاوان بووە؟

ـ نەخێر تـاوان نەبووە، بەڵکو خاوەن چاپخـانەکە بەوە تاوانبـارکراوە، کە چەنـدینجار گۆڤـاری نەتەوەیـی چـاپکردووە، هەنـدێکجاریش چەنـدین تـۆمەتی

هەمەجۆریـــان ئاراســـتەی خـــاوەن چاپخـــانە و ئەوانەی لەوێ شاگرد بوونە کردووە.

لەنێـــو بـــازنەی یەکەمـــدا ئەوانەی نووســـەر و رۆشنبیری سەردەمی خۆیان بوونە، بەپەنجەی دەست دەژمێـــردرێن، هۆیەکیشـــی ئەوە بـــووە، زیـــاتر ئەوان خەریکی کاسبی بوونە و زۆر بەکەمی بواریان هەبووە کتێـب و رۆژنـامە بخـوێننەوە، بەڵام خوێنـدەوارەکانیان بەتـایبەتی مامۆسـتاکان خـوێنەری باشـبوون، هەردەم رۆژنامە و کتێبی ئەو سەردەمەیان پێ بووە، ئەگەریش برادەرێکی نزیکی نەبوایە، زۆر حەزی نەدەکرد گفتوگۆ بکات.

لەبـازنەی دووەم و سـێیەم نووســەری گەورەی تیـادا هاتۆتەکـایەوە و توانیوویـانە بازنەکـان تێپەڕێنن و ببـنە هێمـایەک لەنـاوچەکەدا، دیـارە کێشـەی هـزری و بیرکـردنەوە لەهەمـوو رووەکـانەوە لەنێوان نووسـەر و بیرمەندانی بازنەکان دروستبووە، لەهەشتاکانی سـەدەی بیسـتەم بەشـێکیان بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان لەهەمـوو روویەکەوە چەپڵەیـان بـۆ دەسـەڵات و رژێمی ئەو کـات لێـدەدا، ئەوان لەزۆربەی شـتەکان سـوودمەند بـوون، بەشـەکەی دیـکەی نووسـەران و رۆشـنبیران چـوونە شاخ، بەقسـەی خۆیـان ئەوان پیـاوی ئەو نەبوونە چەک

هەڵگرن و لەو شاخانە لە چەندین بڵاوکراوەی شاخ دەیانووسی.

لەلایەکی دیکەوە ئەو بەشەی چووبوونە شاخ نەیانتوانی بەردەوام بن، بۆیە روویان لەهەندەران کرد، دەبێ ئەوەش بڵێن لەو سەردەمەدا شەڕی نێوان عێراق و ئێران لەوپەڕی دابوو، بۆیە لەترسی سەربازی روویان لەشاخ و هەندەران کردبوو.

لەدوای راپەڕین کاتێک لایەنەکان هاتنەوە ناو شار دووبارە هەموو ئەو رۆشبیر و نووسەرانە بۆ جارێکی دیکە بوونەوە دوو بەرە، کاتێکیش شەڕی ناوخۆیی روویدا رق و قینەی چەند ساڵەیان دژ بەیەکتر هەڵدەڕژاند، ئەمانەش چیرۆکی نەبڕاوە و بەردەوامن.

با لەوەگەڕێن هەندێک دیمەن لەم دوایەدا بینیم لەلام بووە جێگەی سەر سوڕمان.

ماوەیەک بوو بەکۆڵانەکەمان رەتدەبوو، لەدوورەوە سەیرم دەکرد، ئەو وەک هەر کەسێکی ئاسایی رێکپۆش بوو، بەڵام هیچ کات سەیری ئەولا و ئەولای خۆی نەدەکرد، ماوەیەکی دوور و درێژ بەو شێوەیە دەمبینی، گوێم لەدەنگی نەبوو، رۆژێک رێککەوت بەرامبەرم دەهات و سڵاوێکم لێکرد، کەچی وەڵامی نەبوو، تەنیا لەبەرامبەرم وەستا دەستێکی لەسەر شانم دانا، وەک ئەوەی بەدوای شتێکدا بگەڕێ،

دەستی لەقژمدا و بەدەستەکانی رووخسارمی پشکنی، پێمگوت: تۆ لەم کۆڵانەی حەز دەکەم یەکتر بناسین، پێدەچێ تۆ کورێکی بەتوانا بی و هەردەم دەتبینم بەهێمنی بێرەدا تێدەپەڕی، تۆ قوتابی کۆلیژی یان پەیمانگە...ئەو دەیویست قسەیەک بکات، بەڵام هەرچەندی دەکرد، نەیدەتوانی ورتەیەک لەدەمیدا بێتە دەرەوە، بۆیە بەبێ خواحافیزی ملی رێی نا.

لام سەیر بوو، بۆیە هەردەم حەزم دەکرد لەدوور و نزیکەوە بیبینم، ئەوەی لام سەیر بوو رۆژێک بینم وەک گەنجەکانی ئەم رۆژگارە ئامێرێکی میوزیکی پێ بوو، کە بەپێچراوی لەناو چەرمێکدا بوو، دڵخۆشبووم، گوتم دیارە ئەم کورە گەنجە کاری هونەری دەکات و میوزیک دەژەنێ، هەرچۆنێک بێ چەندین رۆژی دیکە بەو شێوەیە بینیم، هەندێک رۆژ دایک و باوکی یان خوشک برایەکانی لەگەڵیدا بوون، ئەوەی گرنگ بوو یەکێک لەبرایەکانیم ناسی، ئەو زانی چەندین پرسیارم هەیە، بۆیە یەکسەر گوتی : لێهاتی برام نەخۆشی ئۆتیزمی هەیە، ئەو قوتابی میوزیکە، ئاگاداربە کاتێک بەکۆڵان بەتەنیا بوو رایمەگرە، نەوەک کاردانەوەیەکی خراپت بەرامبەر بکات، ئێمە چەندین دەفتەر دۆلارمان خەرجکردووە تا هەرچۆنێک بێ سەدا چل وەک مرۆڤێکی ئاسایی بێ، مامۆستا و قوتابییەکان هەموو

ئاگـــاداری ئەون، هەردەم بــۆ گەشـــت و ســـەیرانەکان لەگەڵ خۆیـــان دەیـــبەن، تەنیـــا دڵـــی ئەو رازی دەکەن. لێهات بەردەوام بەخۆی ئامێرە میوزیکەکەی دەبیندرا.

رۆژێـــــک بەرامـــــبەرم وەســـــتا بەئامـــــاژەی رووخسارییەوە دیار بوو، دەوێ شتێکم بداتێ، کاتێک بەرامـبەری وەسـتام، یەکسـەر کـاغەزێکی رەنگـاوڕەنگی دایە دەستم، سـەیرم کـرد چەنـد وێنەیەکـی خـۆی بـوو، لەلایەک کەمانجێکی دەژەنی و لەلایەکی دیکەوە ئۆرگی دەژەنی، لێهـات ئەو پەڕەکـاغەزەی کـە دامـێ بەبـێ ورتە رۆیشـت. کاتێـک سـەیری تەواوی ئەو کـاغەزە رەنگـاو ڕەنـــگەم کـــرد، تیایـــدا نووســـرابوو، خۆشـــحاڵین بەئامادەبوونتـــان لە کۆنســـێرتی میوزیکەکـــانی لێهـــات، کاتەکـە دەی بەیـانی رۆژی پێنجشــەممە دانرابـوو، زۆر حەزم دەکرد هەر زوو رۆژی پێنجشەممە بێ، تـا بەدەم داوەتەکەیەوە بچم. رۆژی پێنجشەممە لەپێش هەمـووان لەبەردەم هۆڵەکەدابـووم، هێـدی هێـدی خەڵـک دەهـاتن، وایلێهات بەردەم هۆڵەکە جێگە نەمابوو بووەستیت.

لەدوورەوە بینیم لێهـات بەپۆشـتەیی لەئۆتـۆمبیلەکە دابەزی، کاتێـک سـەری بڵنـد کـرد، یەکســەر لەدوورە روانییە مـن، بەئامـاژەی چاوەکـانی دیـار بـوو، بەهـاتنم زۆر حۆشحاڵە، کاتێک لەدەسپێکی کۆنسێرتەکە، یەکێک هـات داوای لەلێهـات کـرد بێتە سـەر تەختەی شـانۆ تـا

دەست بە کۆنسێرەتەکەی بکات، لێهات لەپشتەوە دانیشتبوو، کاتێک هەڵسا و بەهەنگاوی ورد دەستی لەسەر شانی هەموو ئامادەبووان دانا، ئەمکارە نزیکەی نیو کاتژمێری خایاند، خەڵکەکەش ئەمەیان لەلا ئاسایی بوو، لەپاشاندا یەکسەر چووە سەر تەختەی شانۆ، بێ یەک و دوو، بەرامبەر بەئۆرگەکە وەستا و دەستی بەژەنین کرد، هەر لەسەرەتاوە هەمووانی سەرسام کرد، کاتێک ئاوڕم دایەوە دایک و باوک و خوشک و برایەکانی فرمێسک لەچاوەکانیان دەهاتەخوار، هۆڵەکە بێدەنگ بوو و کەس ورتەی لێوەنەدەهات، منیش بەدەست خۆم نەبوو، لەدڵەوە دەگریام، هەر من وانەبووم، بەڵکو هەموو ئامادەبووانی هۆڵەکە دەستیان لەسەر چاوانیان دانابوو، فرمێسک لەچاوانیان دەهاتەخوار.

ئەم دیمەنە و سەدان دیمەنی دیکە لەنێوەندی ئەم بازنانە بوونی هەیە.

هەرچۆنێک بێ دیمەنەکان بەردەوام دووبارە دەبنەوە، ژیان خۆی وایە، منداڵێکی ئۆتیزم ئەگەر گرنگی پێبدرێ لەوانەیە داهێنان بهێنێتە ئاراوە، لەم سەردەمە جەنجاڵەدا سەدان و هەزاران کێشەی بێ چارەسەر ماونەتەوە، هەندێ کێشە هەن کێشەی باب و

باپیرانمانن، کەچی تا ئێستا چارەسەر نەکراوە، چونکە کەسێک نییە بەدوای چارەسەری کێشەکانەوە بچێ

بەهەمان شێوەی لێهات کەسانێک هەن ژیانیان ئێستا لەوپەڕی ناخۆشییە و کەس لێیان ناپرسێتەوە، ئەوانە رۆژانێک ژیانیان لەپێناو ئەو بازنانە بەختکردبوو، کەچی ئێستا وەک بێ نەوایەک وان، نەخۆش و پەککەوتەن، چیرۆکی ئەوانە دەکرێ یەک لەدوای یەک بگێڕینەوە، چونکە کەسانێک بوون بۆ سەرفرازی شەقامە بازنەییەکان تێکۆشاون، بەڵام ئێستا ئەوانە بێ ئەوەی کەس لێیان بپێجێتەوە لەسووچێکی ماڵەکانێیان کەوتوون، بەهیوان رۆژێک پێشتر کۆچی دوایی بکەن و نەبنە بارگرانی بەسەر کەسەوە. رۆژانێک ئەوانە بارگرانی زۆر کەسیان بەشانەوە بوو، بەڵام ئێستا قبووڵ ناکەن ببنە بارگرانی بەسەر کەسەوە. تەنیا داخ لەو رۆژانە دەخۆن، کە خزمەتی کەسانێکیان کردووە، ئێستا بەتەلەفۆنێک کە هیچی تێناچێ هاوڕێیە دێرینەکەیان بەسەر ناکەنەوە.

باوەڕ ناکەم رۆژگار وا گۆڕابێ، بەڵام تەنیا ئەو چەند وشەیەم لەدەست دێ، کە لێرەدا بۆ ئێوەی باس دەکەم.

هەموو کات باسی لەنووسین و پرۆژەکانی دەکرد، هەردەم پێیوابوو بەنووسینەکانی دەتوانێ جوانترین

وڵات و سیستەم بهێنێتەکایەوە، بەڵام ئێستا لەجێگە کەوتووە و هیچ شتێکی لەخەیاڵ نەماوە.

ئەو پێشتر لەشاخ و کێوان شەڕی بۆ بستە خاکێک کردووە و چەندین ساڵ ئاوارەی وڵاتان بوو و کاتێک گەڕایەوە سەر و ریشی سپی سپی بوو، بێ تاقەت و وزە تەنیا سەیری دەوروبەری دەکرد، پێی سەیر بوو ئەوانەی لەسەردەمێک زوڵم و زۆریان دەکرد، ئێستاش وەک ئەو کات خانووەکانیان بەرزترە لەخەڵکی ماندوونەناس، ئەمە دەبێ چ حکمەتێکی تێیدا بێ، یان دەبێت بگەڕێنەوە چوارگۆشەی یەکەم، کە هەژار و دەوڵەمەند هەردەم بوونیان هەیە، ئەی چ جای ئەوانەی لەسەردەمانێک لەگەڵ رژێم دەستیان تێکەڵ کردبوو، ئێستاش بەهەمان شێوە لەگەڵ دەسەڵات و رژێم دەستیان تێکەڵکردووە.

ـــ –ئیتر ژیان وایە، هەر ئەوان جوانترین و بەرزترین کۆشک و تەلاریان هەیە، کەچی خەڵکی رەسەنی شەقامە بازنەییەکان کەوتوونەتە دەرەوەی شار، دەیانەوێ هەر چۆنێک بێ ئەو تەمەنەی ماویانە بەئاسوودەیی بەڕێ بکەن.

ـ–ناکرێ لەهەموو سەردەمێک هەر ئەوانە باڵا دەست بن، کەچی کوڕ و کچانی هەژار و نەداری شەقامە بازنەییەکان هەوڵیانداوە تا بەم رۆژە بگەین.

-ئەوە تۆ چی دەڵێیت، لەوەتەی دنیا دنیایە هەر وابووە.

کێشە و گرفتی ئەو شەقامە بازنەییانە هەرگیز تەواو نابن، چۆن بڕۆین و بێن هەر دەگەڕێنەوە چوار گۆشەی یەکەم، وشەکان، وتارەکان، بانگەواز و داخوازییەکان دووبارەن، ئەو دووبارە بوونەوەیە دڵ و دەروونمانی پڕ لەگومان و لێکدانەوە کردووە، لێکدانەوەیەک هەر چی بکەین هەر دەگەڕێنەوە چوار گۆشەی یەکەم.

شاخ و چیاکانیش دەڕواننە گومان و گریمانەکان، ئەو کاتەی هەمووان یەک ئاست بووین، کەس بەخیلی بەکەس نەدەبرد.

ئەو نەتەوانەی لەنێوەندی شەقامە بازنەییەکان بوون، هیچ کات لەنێوان ئێمە و ئەواندا جیاوازی نەدەکرا، هەتا هەڵگری باوەڕ و ئایینە جیاکانیش لە بۆنە و ئاهەنگ و ناخۆشییەکان بەشداری یەکتریان دەکرد.

## (11)

بیرکردنەوە لەشەقامە بازنەییەکان وەک ئەوە وایە بیر لەگەورەترین شاری دنیا بکەیتەوە، هەموو بازنەکان دنیایەک خۆشی و ناخۆشی و خەم و پەژارەوە و جوانی و ئەوین و دڵداری و سەرکەوتن و شکست و بەرەو لووتکە دەنوێنیٚ، بەشێوەیەک ئەو شەقامانە هەموو شتێک لەخۆ دەگرن، بێ ئەوەی رۆژێک لەرۆژان دڵی غەریبەکیان شکاند بێ، ئەو غەریبانەی روو لەشەقامە بازنەییەکان دەکەن، بەشێکیان دوای ئەوەی دەوڵەمەند دەبن، نکۆڵی لەچاکەکارییەکان دەکەن و بەکورتی سپڵە دەردەچن، تەنانەت لەئێش و کارەکانیان هیچ کاتێک خەڵکی شەقامە بازنەییەکان بەشدار پێ ناکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەی نەوەک رۆژێک یەکێک لەو لەو لاوە باسی رابردووی بکات، لەوەش دەترسن رۆژێک لەرۆژان ئەو کاتانەی بیر بێتەوە، کە پەنای یۆ خەڵکی ئەو شەقامانە دەبردە، کەچی ئێستا دەوڵەمەند بووە خۆی بەمیری زەمانە دەزانیٚ، بەشێکی دیکەیان بەپێچەوانە بوون و هەردەم هیچ شتێکی شەقامە بازنەییەکان لەیاد نەکرد و

بەردەوام بەشانازییەوە دوێنێ و ئەمڕۆیان بەیەکەوە گرێ دەدا.

هیج کاتێک شەقامە بازنەییەکان هیچ شتێکی بەچاوی هیچ غەریبێک دانەداوەتەوە، نەوەک خۆی بەبچووک بزانێ، بەڵکو بەکەسێکی خویانیان دەزانی، چونکە لەو بازنانە جێگەی هەمووان دەبێتەوە، بۆیە پێدەگوترێ شار کە دەبێ هەمووان لەخۆ بگرێ، کاسبکارێکی هیندی و بەنگالی و عەرەب و بیانییەکانی دیکە لەخۆی دەگرێ، شەقامە بازنەییەکان هەردەم خۆی بەمەڵبەندی گەورەیی هەرێم و دڤەرەکان زانیووە، بۆیە جێگەی هەمووان دەبێتەوە.

هەندێک کارەسات هەیە قەد لەیادی تاکەکانی شەقامە بازنەییەکان ناچێتەوە،

لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم وڵاتەکەمان تووشی گەورەترین کارەسات بۆوە، رژێمی ئەو کات بۆ قەڵاچۆکردنی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە هەڵمەت و هێرشێکی نارەوای خستە سەر هەموو بازنەکانی ئەم وڵاتە و ناوی نا ئەنفال، لەتەلەفزیۆن بەشێکی نیشان دەدا گوایە ئەوانە دەستیان لەگەڵ دوژمندا گرێداوە، جگە لەوەی سەدان کەسی بێ سەر و شوێن کرد، دەیان هەزار خانەوادەشی ئاوارەی دوا بازنەی شەقامە بازنەییەکان کرد.

بەهەمان شێوە زۆرێک لەپیاوانی رژێم زوربەیان خەڵکی بازنەکان نەبوون، بۆیە زۆر بەدڵ رەقی دژ بەخەڵکی بازنەکان بوون، چونکە تاکەکانی شەقامە بازنەییەکان، بەهەموو ئامرازێکی گەیاندن هاوکاری ئاوارە و بێدەرەتان و گوند سووتاوەکانیان دەکرد. ئەوکات خەڵکی شەقامە بازنەییەکان هەموو خەمیان ئەوەبوو چۆن بتوانن خۆیان لەسەگەکانی رژێم بپارێزن، رژێمێک بەهۆی جاش و مەفرزە خاسە و ئەمنە خۆفرۆشەکانی راوی خەڵکیان دەنا، گەنجەکان ئەوانەی کەمێک هەست و جۆش و خرۆشیان بۆ جوانی وڵات و بەهەند وەرگرتنی ئەو جوانی و خاکە پیرۆزە هەبوو، گەلێکجار لەگەڕەکە دوورەکانی بازنەکان لەسەر دیوارەکان دورشمیان دژ بەرژێم دەنووسی، هەرچۆنێک بێ با کەمێک دوور بکەوینەوە لەو کەشە و باس لەم دواییە بکەین، ئێستا سەگ لەنێو هەموو بازنەکان زۆر بووە، لەبەر برسییەتی زۆرجار دەیانەوێ پەلاماری خەڵک بدەن.

لێتان ناشارمەوە، لەسەگ و حەپە حەپەکەی زۆر دەترسم، کاتێک سەگ لەسەر رێگەم بێ بەهەر شێوەیەک خۆم لادەدەم، زۆرجاریش تووشی سەگەکان دەبم، کە چەند مەترێک لێم دوورن، ئازایەتێ من نەبووە خۆیان لێ لاداوم، بەڵکو رێبوارێکی دیکە زۆر

شارەزایانە لەخۆی دوورخستۆتەوە، ڕێبوارەکە وەک ئەوەی بزانێ دەترسم پێیدەگوتم: نابێ بترسیت، هەرچەند رابکەیت ئەو هەر بەدواتەوەیە، بۆیە نابێ بترسیت.

بیرمە سەردمێک لەرۆژنامەیەک کارم دەکرد و بارەگای رۆژنامەکەمان نزیک بازاڕ بوو، نیوەی شەو دیزاینی لاپەڕەکانی رۆژنامە تەواو بوو، دوایی حواحافیزی هاوکارانم ملی ڕێگەم گرت و هاتمە ناو بازاڕ، بەڵکو تەکسییەکم دەستکەوێ بۆماڵەوە، هەتا نزیک بانکی رافدێن هاتم...گوێم لە حەپەی سەگ بوو ترسێک کەوتە دڵم، بەڵام هەر بەردەوام بووم لەرۆیشتن، دووسەد مەترێک هەنگاوم نا و لەناکاو سێ سەگ دەوریان دام، لەترسا رامکرد و دووجار بەر بوومەوە و هەردوو چۆکم بریندار بوو، هەستم بەوەکرد خوێنی لێدێتە خوارێ...شەکەت بووم و راوەستام سەگەکان هەندێک پێم حەپین دواتر وازیان هێنا...لەم کاتەدا لەدوورەوە تەکسییەک هات و دەیزانی هەترەشم چووە و زۆر لەو سەگانە دەترسم ...گەیشتە لام ،گوتی: سواربە با رزگارت بکەم، دوایی سواربوونی تەکسییەکە...شوفێرەکە قسەی وای نەکرد...تەنیا داوای ناونیشانی ماڵەوەی لێکردم...چەند رۆژێک دواتر برینی چۆکەکانم هەر سارێژ

نەبـــــوون...بەڵام بڕیارمـــــدا چیتـــــر لەســــەگ نەترسم.....ماوەیەکی دوور و درێژ تووشـی سـەگ و حەپە حەپی نەبوومەوە، کەچی لە چیرۆک و ڕۆمـان و بابەتەکــان و لەزۆر شــوێن بــاس و بــابەتی ســەگ بەرچاوم دەکەوت، وەک سـەگی هـار و سـەگی پیس و سەگی بەوەفا و سەگی برسی، هەمـوو ئەمانەش بەپێی کولتووری گەلان باس دەکرا، هەردەم دەمویست شتێک بـدۆزمەوە تـا ســەگەکان تاوانبـار نەکەم، بەڵکـو تەنیـا ترســەکەم هـۆیەکە، چەنـد سـاڵێکی پێچـوو ماڵمـان بـۆ گەڕەکێکــی دوور لەســەنتەری شــار بــاریکرد، گەڕەکە نوێیەکەمـان لەگەڵ ئەوەی لە خـانووی گەورە و فـراوان پێکهــاتبوو، بەڵام دەوروبەری چـۆلەوانی بـوو...یەکەم شەو گوێم لەحەپەی سەدان سـەگ بوو، بەڵام ئەمجارە نەترسـام و لەدڵـی خۆمـدا گـوتم: دەبـێ ئەو سـەگانەی دێــنە ســەر ڕێــم، بــکەمە هــاوڕێ ...تـا پـێم بکــرێ خواردنیان بۆ پەیدا بکەم.....بەیانی کاتێک بۆ سـەر کـار ڕۆیشتم دووبارە حەپەحەپی سەگ دەستی پێکردەوە تـا گەیشتمە شـەقامی سەرەکی و سـواری پـاس بووم کـە نــزیکەی دە ســەگ بەدوامەوە بــوون .....نەترســام و نەشـلەژام بـۆیە ژمـارەی سـەگەکان تـا دەهـات کەمتـر دەبوون، کاتێک ئاوڕم دایەوە تەنیـا دوو سـەگ مـابوون، تەماشـم کـردن لەچاوانیـان دیار بـوو برسییانە.....دوای

گەڕانەوەم لەکـار نزیـک گەڕەکەمـان بـوومەوە..بینـیم سەگەکان لەو چۆڵوانییە پاڵ کەوتبوون...چەند جارێک حەپەحەپیـان کـرد، وەک ئەوەی بەسـەگەکانیتر بڵـێن: گەڕایەوە .....ئەم دیـمەنە رۆژانە دووبـارە دەبـۆوە... زۆرێک لەشـەوەکانیش کاتێک بەتەنیا دەگەڕامەوە هەر لەدوام بـوون، وەک ئەوەی بیـانەوەی بەسـەلامەتی بمگەیەننە ماڵەوە، هەتا نریک دەرگا دەهـاتن و دواتـر پەرتەیـان لێدەکرد.لەم مـاوەیە کێشـەیەکم تووشـبوو و چارەسەرکردنی کەمێک ئەستەم بوو، کێشەکەشم لەلای کەس باس نەدەکـرد، زۆرجـار بەخەمباری ملی رێگەم دەگـرت، هەستیشـم بەوە دەکـرد، سـەگەکان دەزانـن کێشەیەکم هەیە، دواجار بڕیارمدا کێشـەکە بەو جۆرەی خـۆم دەمەوێ چارەسـەری بکەم، ئەمجارەیـان هەستم بەوەکرد سەگەکان لەدەورم دەسووڕانەوە تا هەر نەبێ ئامـاژەیەک بـدەن، کە بڕیـارەکەم دروسـتە، شـەو کە هـاتمەوە ئەمجارەیـان سـەگەکانی ئەو چـۆڵەوانییە هەموویـان دەستییان بەحەپ حەپکرد، لەلای خـۆم وام لێکدایەوە سەگەکان خۆشحاڵن بەو بڕیارە.

شـەوانی سـاڵانی هەشـتای سـەدەی بیسـتەم زۆر جیاوازە، لەگەڵ شەوانی ساڵانێ دوو هەزار و هەژدە و نـۆزدە و بیسـت و بیسـت و یەک و بیسـت و دووی سـەدەی بیسـت و یەک، شـەوانی پێشـتر هەر زوو، کە

ئێوارە دادەهات هەموو خەڵکی بازنەکان بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشتن، ئەو کات تەنیا لەبازنەی دووەم چەند چایخانەیەک هەبوو، بەڵام تەنیا ئەو کەسانەی لێبوو شەڕانی بوون، زۆربەی تاکەکان لەو سەردەمە خۆیان لەشەڕ و لاشەڕ لادەدا، گەنجەکانی ئەو سەردەمە لەوە دەترسان لەلایەن کەسێکەوە تۆمەتێکیان بۆ داڕێژرێ، ئەو شەقامەی ئێستا بیست و چوار کاتژمێر جمەی دێ، ئەو کات لەشەواندا تەنیا تا دەوری کاتژمێر دەی شەو گەنجەکان دەچوونە ئەو چایخانانە، زۆر جار شەوان گەنجەکان لەنێوان یەکتردا بەشەڕ دەهاتن، بەتایبەتی ئەو گەنجانەی لەبارەکان دەگەڕانەوە، زۆربەیان چەقۆیان پێ بوو، ئەو کات جۆرە چەقۆیەک باو پێیان دەگوت چەقۆی بەحەلقە، زۆر بەکارامەیی دەیان توانی بیکەنەوە و رایبووەشێنن، گەلێکجار خەڵکی بێتاوانیش لەو بەینەدا بریندار دەبوون.

هەروەها لەو ساڵانەدا کەسانێک هەبوون پێیان دەگوتن "شەقاوە"، بەپێچەوانەی هەموو شەقاوەکانی شارەکانی دیکە، شەقاوەکانی ئەم بازنەیە هیچ ئازایەتییەکیان پێوە دیار نەبوو، شەقاوەی بازنەکانی یەکەم و دووەم تەنیا زوڵمیان لەکەسانی هەژار و بێدەرەتان دەکرد، ناوی کەس ناڵێم، بەڵام ئەوانەی دەیخوێننەوە ناوەکان دەزانن، زۆرجار ئەو شەقاوانە

ڕێگەیان لەقوتابییان دەگرت تا شتێکیان لێ بسێنن وەک چەند دینارێک، ئەگەر ڕووبەڕوویان ببوایەوە ئەوا بەپیاویان دەزانیت و پێیاندەگوتی تۆ کوڕێکی ئازایت، قوتابیان خۆیان وا نیشان دەدا پارەیان پێ نەماوە، ئەگەر بتویستبوایە دەستیان لێ بووەشێنیت خۆیان لێت لادەدا و تۆیان بەئازا دەناساند و دەیانویست ببنە هاوڕێت.

دوای ڕاپەڕین، هەموو ئەو شەقاوانەی لەژیاندا مابوون تێکەڵ بەلایەنەکان بوون، هەر ئەو پیاوە ترسنۆکانە ئەمجارەیان چەندین کەسیان بەچەکەوە لەگەڵدا بوو و بەشێکیان دەستیان بەدزی کرد، یان وەک پێشتر بەسەر خاوەن دوکان و کۆگا و کارگە و کۆمپانیاکانیان دادا تا خاوەیان لێوەربگرن، کاتێک شەڕی ناوخۆیی ڕوویدا زۆربەی ئەوانە بوونە پاڵەوانی ئەو شەڕە و بەشێکیان لێ کوژرا.

بەشێکی دیکەیان تێکەڵ بەو کۆمپانیانە بوون، کە کەرەستەیان بۆ شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دەبرد، ئەوانیش لەلایەن گرووپە تیرۆرستەکان کوژران.

هەموو ئەوانەی شەقامە بازنەییەکانیان خوێندۆتەوە، زۆر جار کاتێک دەمبینن جەخت لەوە دەکەنەوە، ئەو نووسینە لەنێوەندی کتێبێکدا بەناوی

ڕۆمـــان یـــان چیـــرۆک لەچـــاپ بـــدەم، بەشـــێک لەوانە هـــاوڕێمن خۆیـــان لەنێـــو ئەو بازنـــانە دۆزیـــوەتەوە، هەنـــدێکیان بەخۆشـــحاڵییەوە باســـی دەکەن، بەشـــێکی دیـکەش زیـاتر بـاس لەو ڕۆژگـارانە دەکەن، کە لایـان تاریـک بـووە، هەمـان شـێوەش دوای ڕاپەڕیـن دووبـارە بۆتەوە.

ڕۆژانـی ڕوونـاک و تاریـک لەشـەقامە بازنەییەکـان زۆربەی ڕێژەییە لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێ، ئەو ڕۆژانەی لەلای خەڵکێـک ڕوونـاکن، لەوانەیە دۆخـی ماددی و داراییان بـاش بـوو بێ، گرنگ ئەوەیە زۆرێک لەوانە ڕابردووی خۆیان لەبیر نەچووە.

زۆرێک لەوانەی لەشـەقامە بازنەییەکان نیشـەجێن، عەرەب و گەلانـی دیـکەن، لەمێـژە لێـرەن ڕۆژە ڕوونـاک و تاریکەکـان وەک تاکەکـانی ئێـرە بـاس دەکەن، بەبـێ وشـەیەک زیاد بکەن، ئاه و حەسـرەتی چەندین سـاڵیان لەنێوەندی چیرۆک و گێڕانەوەکانیان بەدی دەکرێ.

## (12)

هەنـــدێک ئـــافرەتی بەتەمەن هەن، تـــا ئێســـتاش لەژیانـدا مـاون و باسـیان لەوەدەکـرد، کە هەنـدێک ژن هەبوون، هەرگیزا و هەرگیـز بـازنەی دوومیـان نەبینـی، تەنیا لەبازنەی یەکەمی بەرزدا لەناو ماڵەکانیـان سـەیری دەشتاییەکانیان دەکرد.

ئەو ئافرەتانە ئێستا نەوەکانیـان گەورە بـوونە، زۆر جـار دەڵێن، لەوەتەی بـازنەی بەرزایـی چۆڵ بـووە، ئەو بەرزایـیە بەهەمـان شـێوەی کـۆنی دەرنـاکەوێ، ئـێمە دەمـانەوێ رۆژانە پیاسـە لەوێـدا بکەیـن، کەچـی ئێسـتا دوور کەوتیـنەوە، زۆر بەکەمـی و بەرێککەوت دەچیـنە بەرزاییەکانی بازنەی یەکەمی شەقامە بازنەییەکان.

زۆربەی ئەوانەی لەبەرزاییەکـــــانی شـــــەقامە بازنەییەکان بوون، بەئەسڵ خەڵکی شوێنە دوورەکانی ئەم بەرزاییەن، کەچی بەشێکیان نکۆڵی لەئەسڵی خۆیان دەکەن و خۆیـان بەنەتەوەیەکـی دیـکە دەزانـن، بەبـێ ئەوەی هۆیەکی بنەڕەتی هەبێ، زۆر جـاریش خۆیـان وا

دادەنێن، کە ئەوان بنەڕەتی ئەو شەقامە بازنەییانەن، هەرچۆنێک بێ دۆخ و رۆژگار زوو زوو کودەتا بەسەر یەکدا دەکەن، دووبارە ئەوانە خۆیان دەخیلی خزمە نزیکە و دوورەکانی ئەسڵی ناوچەکان دەکەنەوە.

بابگەڕێنەوە بۆ لای مەسەلەکە، لەدوای راپەڕین وەکچۆن زۆر شت گۆڕا بەو شێوەیەش کرانەوە لەزۆربەی شتەکان هاتە ئاراوە، ژنان و کچانیش بەشێوەیەکی دیکە گۆڕانکاری بەسەر ژیانیان هاتە ئارا، وەکچۆن کاتێک زانکۆیان گواستەوە بۆ سێیەم بازنە، گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر ژیانی خەڵک دا هات و پێیان سەیر بوو لە زانکۆ کچ و کوڕ لەگەڵ یەکتردا پیاسە دەکەن، لەدوای راپەڕین زۆرێک لەکچانی یاخی بەمانا چالاکوان و رۆژنامەنووس پەیدابوون، نەک وەک ئەو ئافرەت و کچانی لەهەناوی حزبەکان دەرچووبن، کە تەنیا وەک بووکەڵەیەک رێکخرا بوون، تا ژمارەی ئەندامانیان لەنێو حزبەکانیان زۆرتر بکەن.

ئەو کچ و ئافرەتانەی یاخی بوو بوون زۆربەیان لەلایەن برا و کەسەکانیانەوە، بەبیانووی پاراستنی شەرەفیان کوژران، بەشێک لەوانەی لەژیاندا مان، هەندێکیان وازیان هێنا، یان چوونە هەندەران، یان شوویان کرد، ئەمە وەنەبێ کۆتایی پێهاتبێ، بەڵکو لەهەر قۆناغێکدا کچان و ژنانی دیکە دەهاتنە ئارا،

ئەمجارەیـان بەگـوڕ و تینێکـی دیـکە، بەشـێکیان زۆر بەنەزانـانە کاریـان دەکـرد بـۆیە زوو زوو لەخشـتە دەبـران و نـاو و نـاتۆرێکی دیکەیـان بەسـەردا دەچەسپاند.

لەلایەکـی دیـکەوە کچـان هەردەم چیرۆکێکـی تایبەتیان هەبوو.

بەگاڵتەوە بەهاوڕێیەکەی دەگوت: دەزگیـرانەکەت، نـا نـا خۆشەویسـتەکەت، لەوانەیە لەم نزیکـانە ببێـتە دەزگیرانـت، مـاوەیەکی زۆر بەدواوەم بـوو، رۆژێکیـان لەرێگەی بازار، هەرچی راز و نیازی هەبوو درکاندی، وشـەکانی ئەوەنـدە بـریقەدار بـوون، هەمـوو کچێکـی هەرزەی فریوو دەدا.

هەمـوو ئەو گۆرانییـانەی بـۆ غەریبی و لەغەربیـدا دەگـوترێن، تەنیـا بـۆ چەنـد سـاتێک مێشـکت، رووحـت، بیرکردنەوەکەت وەک جۆگەلەی ئاودێریی کێڵگەکان ئاو دەدا.

ئاوێـک نـازانێ بـۆ کـوێ دەڕوات، بەڵام دەزانـی سـەرچاوەیەکە بـۆ ژیـان، بـۆیە بەو دەشـت و دەرەدا هەنگاو دەهاوێ.

لەبـارانێکی زۆر و بەرێـژنە، زۆرجـاران مـاڵی هەژاران ئاو دەیبات، بەپێی سـەرچاوە ئایینییەکان، ئەمە

تۆڵەی خۆی دەکاتەوە، یان دەیەوێ هەرچی بوونەوەر و گیا و گوڵێک هەبێ ئاوی بدات.

–تۆ پەیوەندییەکم بۆ بدۆزەوە، لەنێوان ئەو قسە باق و بریقانە و ئەو کەسەی باسی لێوە دەکەین.

هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، چەند بابەتێکی لابەلای باسکرد و خواحافیزی کرد.

کاتێک تەنیا مایەوە هەرچی ئەو باس و خواسانەی بوو بوونە یاد، وەک شریتێکی سینەمایی دەهات و دەچوو، لەهەندێک یادەوری هەڵوەستەی دەکرد، بەتایبەت ئەو ساتانەی لەدەرەوەی وڵات لەگەشت دابوو، جوانی و لەنجە و لاری کچەکان دڵی هەموو گەنجێکی دەبرد، کاتێ بەوێدا تێدەپەڕین.

کوڕ و پیاوانیش ئێستا وەک جاران نەماون و بەشێک لەوانەی خۆیان بەشاعیر و نووسەر دەزانن و بەشێکیشان هەردەم لەنێوەندی باڕ و یانەکان کەوتوون.

لەگەڵ پێکی یەکەم دەستی بەقسان کرد، وەک ئەوەی لێن نەگەڕێ کەس قسەیەکی دیکە بکات، قسەکانی وا دەکرد، هیچ بوارێکی نەدەدا کەسیتر قسە بکات، تێگەیشتن لەقسەکانی کەمێک زەحمەت بوو، چونکە لەنێوەندی شەش وشە، چواریان دەیگوت: من...من، بۆیە کەسی دیکە وەڵامی نەدەدایەوە، یان

قســـەی پـــێ بـــڕن، چـــونکە زۆربەی ئەوانەی لەوێ دانیشـــتبوون هەمـــان ســـوخەتیان هەبـــوو، تـــا دەهـــات قســـەکەری یەکەم، قســـەکانی بەگـــوڕتر دەبـــوو، چـــونکە لەنیگاکان هەستی بەوە دەکرد ئەو تەنیا دەیەوێ خـۆی قسـە بکـات، دەیزانـی هەمووشـیان گاڵتەیـان بەقسـەکانی دێ، باشبوو، کە دەیویست پێکی دووەم هەڵدا،، یەکسـەر یەکێکی دیکە هەڵیدایەوە و گوتی:دەزانیت بێتامت کـرد و بوار بەکەس نادەیت قسە بکات.

لەم کـــاتەدا هەناســـــەیەک وەبەر هەمـــوو ئەوانە هاتەوە، کە لەو هۆڵەدا دانیشتبوون، بۆیە دەڵێم هەمـوو هـۆڵەکە، چـونکە هەمـووان گـوێگری ئەو بـوون، دەنگـی بەپێی ریتمی وتاردانەکەی بەرز دەکردەوە.

یەکێک بەهەمان گوتاری ئەو هەڵیدایەوە : تۆ بـاس لەتەکنیکـی چیـرۆک و شـیعر و رۆمـان دەکەیـت، کەچـی خۆت لە چیرۆک و رۆمان و شـیعرەکانت هـیچ کـام ئەو تەکنیکانـــەی تێـــدا نیـــیە، لەولاشـــەوە فیســـتڤاڵەکان ئێـــوە دەستنیشان دەکەن بۆ هەڵسەنگاندن.

کابرای یەکەم کاتێک ئەو قسانەی بیسـت، چـووەوە نێو خۆی، وەک ئەوەی لەوێدا نەبێ.

مـــاوەیەک هـــۆڵەکە بێـــدەنگ بـــوو، هەر کەســـێک خەریکـی خـواردنەوەی خـۆی بـوو، بـۆیەش کەسـێک نەدەدوا، نەوەک قارەمانێکی دیکە لەو هۆڵەدا پەیدا بێت.

“قارەمانی ئەو جۆرە شوێنانە هەر تا کاتژمێرێک بڕ دەکەن”، ئەمە قسەی یەکێک بوو کە لەیەکێک لەمێزەکان دانیشتبوو و بەگوێی هاوڕێیەکەیدا دەیچرپاند، دیار بوو ئەویش داوەتکرابوو، بۆیە زیاتر لەسەری نەڕۆیشت.

لەو بێدەنگییەدا لەناکاو بوو بەهەرا، دوای ئەوەی دوو کەس چەند جوێنێکیان بەیەکترڕدا، چەند پیاوماقووڵێکی یەکێک لەبوارەکان کەوتنە نێوانیان، هەردووکیان لەتەک یەک دانیشاند، پێم سەیر بوو، مەی خۆرەکان ئەو جۆرە دەمەقاڵێیەیان لا ئاسایی بوو، ئەگەر سەیری رووخساریانت بکردبا، هەستت بەوە دەکرد، پێیانخۆشە جوێن بەیەکتر دەدەن، بۆیە هەریەک لەلای خۆیەوە منگە منگی دەهات، پێدەچوو ئەو منگە منگە پەیوەندی بەبابەتە رەخنەییەکانەوە هەبێ، کە لەرۆژنامەکاندا سەبارەت بەشیعر بڵاودەکرێنەوە.

لەم کاتەدا کابرا مێوزیکژەنەکە خۆی بەژووردا و کرد بینی هەموو بێدەنگن، کەچی ئەو، هاواری کرد: ”گۆرانی بڵێن وەک ئەوەی دوا ساتە”، دەستی بە میوزیک ژەنین کرد، بەعودەکەی میوزیکێکی لێدا و هەر بەخۆی شیرین ئەمڕۆ بەهارەی دەگوتەوە، مەی خۆرەکانیش وەک ئەوەی هیچ نەبوو بێ لەدوایدا دەیانگوتەوە.

لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم کاتێک زانکۆ گوازرایەوە بازنەی سێیەمی، شەقامە بازنەییەکان، ئەم دەڤەرە جۆش و خرۆشێکی دیکەی بەخۆیەوە بینی، رژێمیش هەتا دەهات تەنگی بەخەڵک هەڵدەچنی، قوتابییانی زانکۆ زۆربەیان خەڵکی شەقامە بازنەییەکان نەبوون، بەڵام خۆشەویستیان بۆ بازنەکانی نیشتمان، وایکرد لەناکاو دەست بەخۆپیشاندان بکەن و بەهۆیەشەوە زۆرێک لەکوڕان و کچان کەوتنە زیندانەوە،

ئەم خۆپیشاندانانە وایان لەخەڵک کرد، هەموو تێڕوانینەکانیان سەبارەت بەزانکۆ بگۆڕن، لەبازنەکان بەهەموو شێوەیەک هاوکار بوون لەگەڵ قوتابییان هەرچی بیانویستبایە بۆیان دەکردن، پێشتر زۆر بەکەمی خانوویان دەدا بەکرێ، کەچی لەپاش ئەم هەڵوێستەیان لەزۆربەی رووەکان شتەکانیان بۆ دەستەبەر دەکردن، هۆیەک نەما تا هەموو لایەک بەیەکتر ئاشنا بکرێنەوە.

هەر لەو سەردەمەدا گەڕەکێک بەناوی ناچاری لەپشت بازنەی سێیەم هەبوو، ئەم گەڕەکە لەخەڵکی هەژار و بێدەرتان پێکهاتبوو، هەر یەک لەلای خۆیەوە چەند هۆدە خانوویەکی بەقوڕ دروستکرد بوو، خێزانەکان لەوێدا دەژیان، ماوەیەک بوو شارەوانی

لەدەوری ئەو گەڕەکەدا دەسوڕایەوە، بەخەڵکەکەی دەگوت: ئێوە سەرپێچیتان کردووە، کەچی هەر کەس بەئارەزووی خۆی خانووی دروست دەکرد، لەماوەیەکی کەمدا زیاتر لەهەزار خانووی قوڕ دروستکران، ئەمە پێچەوانەی یاسای شارەوانی و یاساکانی حکومەت بوو.

ڕۆژ بە ڕۆژ خانووەکان قوڕەکان زۆرتر دەبوون، شارەوانی و دەزگاکانی حکومەت سەریان سوڕما بوو، بەرۆژ ناوچەیەک چۆڵەوانی بوو، بۆ بەیانی کە دەهاتنەوە زیاتر لەبیست خانووی لێ دروستکراوە، هەروەها خێزانەکانیش تیایدا دەژیان.

ئەم کردەیە ڕۆژ بەرۆژ پەرەی دەسەند تا بووە گەڕەکێکی گەورەی بازنەی سێیەم.

شارەوانی چەند جارێک ئاگاداری خەڵکەکەی کردەوە ئەو خانووانە جێ بهێڵن، تا بڕوخێندرێ، بەڵام کەس گوێڕایەڵی ئەو قسانە نەبوو.

پاش ئەو هەموو کێشە و بینەوبەردەیە، ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن و پارێزگای هەولێر بەشۆفەڵ و گرێدەر و پۆلیسەوە چوونە گەڕەکی (ناچاری) و دەوری ئەو گەڕەکەیاندا و فەرمانیان دەکرد ئەم گەڕەکە بڕووخێندرێ، لەباتی هەر خانوویەک گەڕەکێکی دیکە بەناوی گەڕەکی "حی سەدام" دروست

بکـــریّ، ئەمـــەو خەڵکـــی گەڕەک بەکـــۆی گشـــتی رازی بوون.

تەنیـــــا یەک کەس ڕازی نەبـــــوو، ئەنـــــدامانی ئەنجـوومەن و شـارەوانی خەڵـک زۆر داوایـان لێکـرد، بەڵام رازی نەبـوو، بـۆیە بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵێک لەو خانووە بەتەنیا مایەوە، تـا مـردیش خـانووەکە وەکخـۆی مایەوە، کاتێـک کـۆچی دوایـی کـرد، ئینجـا خانووەکەیـان رووخاند.

ئەمەو چەنـــدان کێشـــەی دیـــکە لەو ســـەردەمەدا بـــوونی هەبـــوو، زۆربەی ئەو چیـــرۆک و رووداوانە ونبوون لەچاوان.

چیرۆکی نێو شـەقامە بازنەییـەکان هـەرگیز کۆتـایی نایەت، دە ئەوەندەش بنووسم هەر کۆتایی نایـەت، بۆیـە باشترە لێرەدا کۆتایی پێبهێنین....لای ئێوەم خۆش.